دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٩٨

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ - ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٨ - ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی....

سیاسی



باراك ئۆباما لە دەلاقەی داهاتووی کۆشکی سپییەوە

کوردستانی



باکووری کوردستان و سێ کوچکەی خەبات

کۆمەڵایەتی



دیمانەیەك لەگەڵ مهاباد قەرەداغی

### لە کۆنفرانسێکدا لە پارلمانی برۆکسێل

# ڕەوشی مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئێران خرایە بەرباس

## هەوڵێکی نەزۆك بۆ بەدناو کردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان

عەوڵا بەهرامی

لە زیاتر لە مانگێك لەوەپێشەوە تلویزیۆنەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەوڵێکی نوێیان بە ئامانجی بەدناو کردنی بزوتنەوەیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست پێ کردوە. دیارە ئەم جۆرە هەوڵانە تازە نین و ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆنەپەرەستانی دەسەڵاتدارەوە بە مۆنوپول کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بە دوور لە هەر چەشنە بەهایەکی ئاکاری لە هەوڵی شێواندنی سیمای فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان دا بوون. ئەم چەشنە هەوڵە چەواشەکارانەیە تەنیا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کاناڵە تلویزیۆنی و ڕادیۆییەکان دا کورت نەبۆتەوە و بواری سینەماشی گرتۆتەوە و تا ئێستا چەند فیلمی سینەماییش ("کانی مانگا"، "دەرشلێر"، "گلها و گلولەها"، "باغ سید" و...) بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون کە لەگەڵ نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕوو بوون. ئەم هەوڵە نوێیانەی ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە لایەك بە درێژەی هەواڵەکانی پێشوو دەژمێردرێ لە لایەکی دیکەوە وەك پەرچەکردارێك لە بەرانبەر وەشانی کاناڵە کوردییەکان و بە تایبەت تلویزیونەکانی حیزبە کوردستانییەکان و کاریگەریی چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە وەرزی نوێی تێکۆشاندا و بە تایبەتی ترسی ڕێژیم لەو ڕەگە مێژووییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیەتی سەرچاوە دەگرێ.

دەزگای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێك دا بە کەڵك وەرگرتن لە جاشەکان (کە بەشێکن لە دەزگای سەرکوت) لە هەوڵی خەوشدار کردنی سیمای بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دایە و بەخەیاڵی بەڕێوەبەرانی خەریکی جوان کردنی سیمای ڕێژیمەکەیەتی کە: هەر ئێستا دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد تەنیا بە "تاوان"ی داکۆکی لە مافە سیاسی و مرۆییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەندیخانەکانی‌دا لە نالەبارترین دۆخ دا دەژین و حوکمی نادادپەروەرانەیان بە سەردا سەپێنراوە، ڕۆژ نیە چەند کەس لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان نەکەونە بەر دەسرێژی هێزە سەرکوتکەرەکانی و لەوەش زیاتر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای تێپەرینی سی ساڵ لە تەمەنی حکومەتی ئیسلامی لەگەڵ هەڵاواردنی کولتوری، مەزهەبی، ئابووری بەرەوروون.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش لەم ڕاستییە ئاگادارن کە ئەم هەوڵانەی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕێژیمی ئیسلامی پەلەقاژەیەکی بێسوودن بۆ خەوشدار کردن و زەبرلێدان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە دڵنیاییشەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هەوڵانە وەك رابردوو دەبنە مایەی گاڵتەجاریی ئەوان. بەڵام لەم نێوەدا بەکاربرانی ئامرازیانەی ئەم بەناو کوردانەی لە رووی ساویلکەیی و بەستراوەیی‌و قازانجپەرستییەوە لە پلەی یەکەم کەوتوونەتە خزمەتی دەزگای سەرکوت و لە پلەی دووەم دا دەزگای ڕاگەیاندنی ڕێژیمەوە زیاتر لە هەر کاتێك لە بەر چاوی خەڵکی وشیاری کوردستان دا دەبێزرێن و ڕێگای لێبوردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لە خۆیان بەربەست دەکەن. چونکە ئەم جۆرە کەسانە (و تەنانەت بنەماڵەی ئەو بەکرێگیراوە کوردانەی بوونەتە ئامرازی دەزگای سەرکوت و چەواشەکاریی ڕێژیمی ئیسلامی) بۆ خۆشیان باش دەزانن ئەوان بە قازانجی دوژمن و بە پێچەوانەی بەهاو بایەخە فەرهەنگییەکانی خەڵکی کوردستان دەجووڵێنەوە و ئەم جۆرە خۆش خزمەتییانەیان لەگەڵ شەڕی پێشمەرگە و سیخوری و بەشداری لە سەرکوتی خەڵك دا هیچ جیاوازییەکی نیە.

کۆنفرانسی "ڕەوشی مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئێران" لە پارلمانی برۆکسێل بەڕێوە چوو

بە دەسپێشخەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوکاریی ئەنستیتۆی کورد لە برۆکسێل و فراکسیۆنی Sp.a لە پارلمانی بروکسێل، ڕۆژی ١٧ی نوامبری ٢٠٠٨ کۆنفرانسێك لە ژێر ناوی " ڕەوشی مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئێران" لە تالاری سەرەکیی پارلمانی برۆکسێل بەڕێوە چوو.

لەو کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە بیانییەکان و نوێنەرانی حیزب و لایەنە کورد و ئێرانییەکان و هۆگرانی پرسی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا "یان بێخین" جێگری یەکەمی سەرۆکی پارلمانی بروکسێل کە بۆخۆیشی بەڕێوەبەری سەرجەم کۆنفرانسەکە بوو، لە وتەیەکی کورتدا وێڕای شیکردنەوەی مەبەستەکانی کۆنفرانسەکە، بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و وتاربێژانی بە بەشداران ناساند.

دواتر دەروێش فەرحۆ سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل وەك یەکێك لە هاوکارانی ڕێکخستنی ئەم کۆنفرانسە وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد کە تێیدا ئاماژەی بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە کرد.

وتاربێژی یەکەمی کۆنفرانسەکە "ئێمیل فرانك" کۆردیناتۆڕی ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتێرناسیۆنال لە بێلژیك بۆ وڵاتانی کەنداوی فارس، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بوو. فڕانك وێڕای وەبیرهێنانەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە پێوەندی لە گەڵ ئێران دا، بەشی سەرەکیی باسەکەی بۆ کەیسی کوردەکان تەرخان کردبوو. ناوبراو لەگەڵ ئاماژە بە دوایین راپۆرتی ئەمنێستی ئینتێرناسیۆنال سەبارەت بە دۆخی کوردەکان لە ئێران، ئاکسیۆنی ئەمنێنستی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد و سەرکوتی چالاکانی مەدەنی و مافی ژنان خستە روو. بۆ نمونە باسی ئەوەی کرد کە بە هەوڵی ئەمنێستی لە بێلژیك ڕووناك سەفارزادە هاووڵاتیی ئیفتیخاریی یەکێك لە شارەکانی بێلژیکی پێ بەخشراوە.

پاشان دوکتور ڕەزا حوسێن پوور، سەرۆکی "جبهەی مردم بلوچستان" وتاری خۆی پێشکەش کرد. ئەو لە سەرەتادا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە هەڵسوکەوتی نەرم و شلی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئەتۆمیی ئێراندا دەتوانێ ئاکامی زۆر مەترسیداری بە دواوە بێ. پاشان بارودۆخی دژواری خەڵکی بەلوچستانی خستەروو و کۆمەڵێك فاکتی پێوەندیدار بە جیاوازیدانان‌و بەدواکەوتوو هێشتنەوەی ئەو هەرێمەی باس کرد.

دواتر پەرویز نەویدی ئەندامی ڕێبەرایەتیی ڕێکخراوی فدائیانی ئێران وتاری خۆی پێشکەش کرد. نەویدی پاش ئاماژە بەپێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی نێو ئێران، باسی نەبوونی یەکیەتی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا کرد و وتی پێش هەرچەشنە گلەییەك لە ئورووپاییەکان پێویستە بە پێوەندییە نێوخۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بچینەوە. ل٢



## دووەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە دەچێ



به بەشداریی نوێنەرانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی ڕێکخراوە سینفییەکانی ژنانی کوردستان و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دووەمین کۆنگرەی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد.

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی چوارشەممە (٢٩ی خەزەڵوەر) ڕێوڕەسمی کردنەوەی دووەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ناوی "کۆنگرەی خۆنوێکردنەوە بە زانستی سەردەم و هاوپێوەندی پێکهێنان و گرێدانی خەباتەکەمان بە خەباتی ژنانی چالاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکە دا دوای ڕاگرتنی ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردو کوردستان و بەخێرهاتن کردنی میوانان و نوێنەرانی کۆنگرە، خەدیجە مەعزوور، بەرپرسی بنیادی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفی و دێموکراتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پەیامێك کۆنگرەی کردەوە.

دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە لە لایەن قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە.

بە دوای ئەو دا پەیامی کەسایەتیی ناسراوی کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە (کە لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ کۆنگرەی ناردبوو) لە لایەن جەماڵ پوورکەریمەوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا ژمارەیەك لەو پەیام و برووسکای بۆ کۆنگرە هاتبوون خوێندرانەوە.

شایانی باسە لە نێوئاخنی بەرنامەکانی ڕێوڕەسمەکەدا چەند سروودو گۆرانی بە دەنگی هونەرمەند فەرهاد ساڵحی و هەروەها سەفین بەهمەنیارو شیلان شێخانی پێشکەش کران.

ڕێوڕەسمی کردنەوەی دووەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ کۆتایی پێهات و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بۆ کۆنگرە لە ڕۆژانی داهاتوودا کارەکانی خۆیان درێژە پێ‌دەدەن.

## کەماڵ شەریفی بۆ زیندانی شاری سەقز گوازرایەوە



لە درێژەی هەوڵەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتیدا بۆ دادگایی کردنی ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی کەماڵ شەریفی لە شاری سەقز، ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ زیندانی ئیتلاعاتی ئەو شارە. یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی ناوبراو لە لێدوانێك بۆ سایتی "بۆ ڕۆژهەڵات" ئەو هەواڵەی پشتڕاست کردەوە و وتی:"کەماڵ شەریفی ئێستا لە زیندانی شاری سەقز دایە" .

سەرچاوەیەکیش لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەماڵی شەریفی ڕایگەیاند ئەوان بەدواداچون بۆ ئەو دۆسیەیە دەکەن و ئەوانیش ئەو هەواڵەیان پێ گەیشتووە .

جێگای باسە پیشتر ڕاگەیەندرابوو کە ناوبراو لە سەر داوای ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە بڕیار بوو ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لە دادگای شاری سەقز دادگایی بکرێ، بەڵام لە بەر هۆکارێکی نادیار دادگایەکە بەڕێوەنەچووە. لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆسیەکە ئاشکرای کرد کە پێدەچێ ئەو گوازتنەوەیە پێوەندیی بە دادگایکردنی ناوبراوەوە هەبێ و ئەگەری زۆرە حکومەت لەبێدەنگی دا ئەو دادگایکردنە بەڕێوە ببا.

هاوکات کەمپەینی پشتیوانی لە کەماڵ شەریفی لە دوایین ڕاگەیەندراوی پێوەندیدار بە دۆسیەکە ڕایگەیاندوە ئێمە هیواداریین دادگایی کردنێکی عادڵانە بۆ ئەم دۆسیە پێك بێ و کۆماری ئیسلامی ئەم ڕاستیە قبوڵ بکا کە سەپاندنی حوکمی ناڕەوا ناتوانێ کۆتایی بە ناڕەزایەتی و هەڵسوڕانی جیابیران و ڕەخنەگران و ئەو شەپۆلی ناڕەزایەتییەی لە کوردستاندا بەرانبەر سیاسەتەکانی لە گۆڕێ دایە، بێنێ.

## مستەفا شەڵماشی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی هولەند دەکا



ڕۆژی ١٤ی نوامبری ٢٠٠٨ مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات سەردانی وەزارەتی دەرەوەی هولەندی کرد و لە لایەن ڕاوێژکاری یەکەمی وەزارەت بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پێشوازی لێکرا.

لە دیداری نێوان بەرپرسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و "لووک تێر هاخن"، ڕاوێژکاری یەکەمی وەزارەتی دەرەوەی هولەند چەندین مەسەلەی وەک خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشێلکارییەکانی ماف نەتەوەیی لە لایەن کۆماری ئیسلامی و هەروەها سەرکووت و فشار خستنە سەر زیندانیانی سیاسی کورد و پەروەندەی ڕۆژنامەنووس کەماڵ شەریفی هاتنە ئاراوە.

سەبارەت بەم مەسەلانە بەرپرسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە خستنە ڕووی چەند دیکۆمێنتێکی بەڵگەمەند قسەی بۆ ڕاوێژکاری یەکەمی وەزارەتی دەرەوەی هولەند کرد و لە بەرانبەر دا لووک تێر هاخن بە داخبوونی خۆی لە پێشێلکارییەکانی ماف مرۆڤ و ماف نەتەوەکان لە ئێران دەربڕی و سەبارەت بە چارەنووسی ڕۆژنامەنووس کەماڵ شەریفی بەڵێنی دا کە بە زووترین کات بە دواداچوونی بۆ بکەن و کەیسی ناوبراو لە وەزارەتەکەیان دا بێننە بەرباس.

لووک تێر هاخن هەروەها نیگەرانی وڵاتەکەی لەسەر وەزعییەتی ماف مرۆڤی و ماف نەتەوایەتی کورد دەربڕی و ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی لە بەرامبەر ئەم پرسە گرینگانەدا کەمتەرخەم نابێ.

لە بەشی کۆتایی ئەم دیدارەدا سەبارەت بە پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەزارەتی دەرەوەی هولەند و بە تایبەت بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر دوولا پێداگریان لەسەر خێرایی بەخشین بەم جۆرە چاوپێکەوتنانە کرد.

## سووکایەتی کردن بە سمایل سەردەشتی دەکرێتە مەرجی ئازادکرانی سێ گۆرانی بێژی کورد



کاربەدەستانی زیندانی مەهاباد سووکایەتی بە هونەرمەندی جوانەمەرگ سمایل سەردەشتی کردۆتە مەرج بۆ ئازادکرانی سێ گۆرانی بێژی لاوی بەندکراوی ناوچەی سەردەشت.

دوای کۆچی دوایی هونەرمەندی جوانەمەرگ ئیسماعیل سەردەشتی، هێزەکانی ڕێژیم سێ گۆرانی بێژیان بە ناوەکانی ئەحمەد بێورانی، سەلیم دەرماناوێ و ساڵح ڕەبەتی بە تۆمەتی گوتنەوەی گۆرانییەکانی سمایل سەردەشتی قۆڵبەست و ڕەوانەی گرتووخانەی شاری مهاباد کراون.

هەر لەم پێوەندییەدا هەواڵنێرمان لە شاری مەهاباد پێی ڕاگەیاندین کە، ڕێژیم لە بەندیخانەی مەهاباد بەو گۆرانیبێژانەی ڕاگەیاندوە کە بەو مەرجە ئازاد دەکرێن کە بە دژی کەسایەتیی سمایل سەردەشتی گۆرانی بڵێن و سووکایەتیی پێ بکەن.

## کۆبوونەوەی نێوان حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئێد وحیزبی دیموکراتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی نوامبری ٢٠٠٨، بەرپرسی کۆمیسیونی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سوئید، لە بارەگای حیزبی سۆسیال دیموکرات لە ستۆکهۆڵم چاوی بە جێگری بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو حیزبە "کلاس نورد مارک" کەوت.

لە سەرەتای ئەم چاوپێکەوتنە کەماڵ حەسەنپوور، بەرپرسی کۆمیسیونی پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئید، سەبارەت بە ئاکامەکانی دوایین کۆنگرەی حیزب و ڕاسپاردەکانی و هەروەها ڕووداوەکانی ئەم داوییانەی کوردستان و لە سەرووی هەموانەوە شەهیدبوونی هاوڕێیان شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری و هەروەها گیرانی هاوڕێی ڕۆژنامەوان کەماڵ شەریفی لە لایەن هێزە دژە گەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە قسەی بۆ بەڕێز کلاس نورد مارک کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی حیزب لە سوئێد بە خستنە ڕووی چەندین بەڵگەی جۆراوجۆر سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی نەتەوەیی و مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی تارانەوەو هەروەها پێشێلکارییەکانی مافی ژنان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵ، کۆمەڵێك زانیاری پێشکەش بە بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئید کرد.

لە کۆتایی ئەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا هەردوولا هاوڕا بوون لە سەر ئەوەیکە نابێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دنیای ئازاد سەرکووت و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پشت گوێ بخەن و پێویستە لەم پێناوەدا هەڵوێستی جیدی بگیردرێ و هەروەها هەردوولا پێداگرییان لە سەر بەردەوامبوونی پێوەندی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئید کردەوە.

جێی ئاماژەپێدانە کە کلاس نورد مارک بەرپرسی تۆری ( Kurdish natverk)یشە کە بۆ بەرز کردنەوەی پرسی کورد لە نێو حیزبی سۆسیال دیموکرات و هەروەها لە دەرەوەی ئەم حیزبە پێکهاتووە.

## تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات پشتیوانی لە بەندکراوانی سیاسیی کورد دەکەن




ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەردەشت بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی کورد چالاکیی تەبلیغییان نواند.

ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە زۆربەی شوێن و گەڕەکەکانی شاری سەردەشت بۆ پشتگیری لە زیندانیانی سیاسی کورد و ویست و داخوازییەکانیان تراکت و بڵاوکراوەو هەڵوێستەکانی حیزبیان سەبارەت بە بارودۆخی زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بڵاو کردەوە.

ئەو شوێن و گەڕەکانەی کە لە لایەن تێکۆشەرانی دیموکراتەوە لە شاری سەردەشت کارو چالاکی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:

شەقامەکانی: کەمەربەندی و ئیمام

گەڕەکەکانی: کانی سوور، دۆڵتانجك، جانبازان، ئیستادیۆم، گردەسوور، نێزەڕۆ، مەهابادیان.

*درێژەی:*

### کۆنفرانسی "ڕەوشی مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئێران".....

بە شوێن ئەو دا سارا محەممەدی مافناس و چالاکی بواری ژنان باسێکی کارناسانەی سەبارەت بە ڕەوشی ژنان لە ئێران پێشکەش کرد کە لەودا بە وردی ئاماژە بە پێگەی ژنان لە یاسای مەدەنی ئێراندا کرابوو. خاتوو سارا وێڕای خستنەڕووی ناتەبایی ئەم یاسایانە لەگەڵ مافی مرۆڤ و بایەخەکانی یەکسانی، وتی: ئێستا وێڕای ئەو هەموو ستەمو کەموکوڕییە کە دەرحەق بە ژن هەیە، دەبینن کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای تەرح و لایحەکانی مەجلیس و دەوڵەتەوە بۆ هەرچی بەرتەسك کردنی ژیانی ئینسانیی ژنان کەوتوونەتە کارو بە شێوەی جۆراوجۆر دەیانەوێ بە پەسندگەیاندنی یاساگەلی دژ بە ئازادیو مافی ئینسانیی ژنان، هەرچی زیاتر ژنان لە ژیانێکی ئاسایی بێبەش بکەن.

پاشان مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان قسەی کرد. بەڕێز شەڵماشی وێڕای ئاراستە کردنی کورتە مێژوویەکی مەسەلەی کورد لە ئێران و سیاسەتی نەگونجاو و دوژمنکارانەی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران لەو پێوەندییەدا، ئاماژەی بە سەرکوت و قەڵاچۆی بەردەوامی گەلی کوردو خەبات و خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. ناوبراو لەگەڵ داواکردنی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی دەرەوە بۆ زیندانیانی سیاسیو مەدەنیی کورد، ئاماژەی بەوە کرد کە هەتا ئێرانێکی تازە لە سەر بناغەی بە ڕەسمی ناسینی مافی یەکسان بۆ هەموو گەلانی ئەو وڵاتە بنیات نەنرێ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێراندا کۆتایی نایە.

لە دەسپێکی بەشی دووەم دا سەرەتا زیا سەدرولئەشرافی چالاکی سیاسیی ئازەری وتاری خۆی پێشکەش کرد. ناوبراو بە ئاماژە کردن بە مێژووی ئێران ئاکامە زیانبەخشەکانی سیاسەتی تاك زەمانی و هێژمۆنیی کولتووریی لە سەر پێکەوەژیانی دڵخوازانەی گەلانی ئەو وڵاتە هێنایە بەرباس. ناوبراو هەروەها گوتی کە ئێران ملکی تایبەتیی هیچ نەتەوەیەك نیە و کەسیش لە ئێراندا ئیجارەنشین نیە بەڵکوو ئێران هی هەموو ئێرانییەکانە.

دواتر وتاری ڕێکخراوی گەل و نەتەوە بێدەوڵەتەکان unpo لە لایەن "ئاندرێو سوان" نوێنەری unpo لە پارڵمانی ئورووپا خوێندرایەوە. سوان لە پێشدا باسێکی سەبارەت بە مێژووی دامەزران و ئامانج و چالاکییەکانی unpoکرد. پاشان وێڕای ئاماژە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی گەلان، هێندێك بابەتی باس کرد کە unpoگرنگییان پێدەداو ئەو بابەتانەشی لە گۆشەنیگای تایبەتی ئێرانەوە هەڵسەنگاند. نوینەری unpo لە هەمان کاتدا کە مەسەلەی تێکدانی پێکهاتەی ئێتنیکیی هەرێمەکانی ئێران لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە زەق کردەوە، بەو ئاکامە گەیشت کە لە ئێران مەسەلەی مافی مرۆڤ و مافی گەلان دوو بابەتی پێکەوە گرێدراو و لێکجیانەکراوەن.

بە دوای ئەوەدا شەماڵ بەشیری بە نوێنەرایەتیی "پژاك" وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو وتی سیستم و دەستووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕێگرە لە بەردەم مافی مرۆڤ و دێموکراسی. ئەو هەروەها پێی لە سەر ئەوە داگرت کە پێویستە هێزە کوردییەکان لە نێو خۆشیاندا بە بیرێکی دێموکراتیك بجولێنەوەو یەکگرتنی ئەوانی بە دەستەبەری بەهێزبوونیان لە قەڵەم دا.



لە بەشێکی دیکەی کۆنفڕاسەکەدا فەرامەرز بەختیار لە لایەن حیزبی یەکیەتیی بەختیاریو لوڕستانەوە وتارێکی پێشکەش کرد. ناوبراو بە تایبەتی ئاماژەی بەوە کرد کە شۆڕشی مەشرووتە لە ساڵی ١٩١١ دەرفەتی ئەوەی پێك هێنا کە تا ڕادەیەك سیستمی "لامەرکەزی" لە ئێران دابمەزرێ، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی ئیستیعمار ئەم هەوڵە سەری نەگرتو ناوەندگەرایی کرا بە ڕێبازو شێوازی حوکمڕانی. بەختیار لەگەڵ ئاماژە بە ئەزموونی دەسەڵاتی هەرێمی لوڕەکان لە سەدان ساڵ لەوە پێش دۆخی ئەمڕۆی لوڕەکانی لە ئێراندا وێنا کرد کە لە هەر چەشنە مافێکی کولتووری بێبەشنو لە هەموو بوارەکاندا بوونەتە قوربانیی سیاسەتی جیاوازیدانانی ڕێژیمی ناوەندی.

دواتر "جوما بورێش" بە نوێنەرایەتیی چوار حیزبو ڕێکخراوی تورکەمەن وتارێکی پێشکەش کرد. بەڕێز بورێش لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەو کێشانەی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە زۆر بوارەکانی وەك زمانو ناولێنانی منداڵانو گۆڕینی ناوی شوێنو مەڵبەندەکانی تورکەمەنسەحرادا بۆ گەلی تورکمەن دروست دەکرێ. ئەو هەروەها باسی لە کێشەی بژێوی خەڵکی ئەو ناوچەیەکرد و گوتی کە مافی سوود وەرگرتن لە گرینگترین سەرچاوەی داهاتی ئەو ناوچەیە واتە ماسیگرییان نیەو زۆرجار کاسبکاران لەو پێوەندییەدا لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەکوژرێن.

لە کۆتایی کۆنفڕاسەکەدا کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروبای پارڵمانی ئورووپا سپاسی پارڵمانی بروکسێل بە تایبەتی "یان بخێن"و فراکسیۆنی Sp.aی کرد کە میوانداری ئەم کۆنفرانسە بوون. ئاهەنگەری وێڕای سپاس لە هاوکارییەکانی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێلو سەرجەم بەشداران، ئەو کۆنفڕانسەی تەنیا بە هەنگاوێك لە بواری دیالۆگی نێوان نەتەوەکانی ئێرانو بۆ ناساندنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران بە دنیای دەرەوە وەسف کردو هیوای خواست کە کارو ئیبتکاری لەم چەشنە لە داهاتوودا زیاتر پەرە بگرێ.

شایانی باسە لە کۆتایی هەر دوو بەشی کۆنفڕانسەکەدا جێگری سەرۆکی پارڵمانی بروکسێل داوای لە بەشداران کرد کە پرسیارو سەرنجەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. ئەمەش دەرفەتی دیالۆگێکی زیندوو و بنیاتنەری لە نێوان لایەنە جۆربەجۆرەکاندا ڕەخساند. زۆربەی نزیك بە تەواوی لایەنەکانی بەشدار لە سەر ئەو ڕاستییە کۆك بوون کە لە لایەك لە ئێرانی ئەمڕۆدا هیچ نەتەوەیەك بە تەنیا زۆرایەتییەکی ڕەها پێك ناهێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە سیستمی فیدرالی بە ڕێگاچارەیەکی شیاو بۆ پرسی پێکەوەژیانی گەلانی ئێران لە قەڵەم درا.

جێگای ئاماژەیە کە باسەکانی ئەم کۆنفڕانسە هاوکات وەردەگێڕدرانە سەر پێنج زمانی ئینگلیسی، فەڕانسەیی، هولەندی، کوردیو فارسی. هەرەها پێویستە بگوترێ کە ژمارەیەك مێدیای غەیرە کوردیو سەرچاوەی حکوومەتی کە یەکێك لەوان نوێنەری سەفارەتی ئامریکا بوو لەو کۆنفڕانسەدا ئامادە بوون. کۆنفرانس پاش چەندین سەعات باسی بە نێوەڕۆكو بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:**

# مافخۆرەکانمان دەزانن ئێمەی کورد نە تورکین، نە فارسین و نە عەرەب

**ڕۆژی یەکشەممە ٩ی نوامبری ٢٠٠٨ کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە شاری هودرسفیلد سێمینارێکی بۆ کەسایەتیی سیاسیی ناسراو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە پێك هێنا.**

**لەو سیمینارە کە نوێنەری بەشێك لە حیزبە کوردستانییەکان و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب بەشدار بوون ناوبراو وتارێکی لە ژێر ناوی "کورد لە سەدەی ٢١دا" پێشکەش کرد کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

**کورد لە سەدەی ٢١ دا**

ڕێگاچارەی یەکجاریی مەسەلەی کورد کامەیە؟ داخوا ئەو دروشمە کە حیزبە کوردستانییەکان بۆ چارەسەری پرسی کورد هەڵیان گرتوە هەموو ئەو ئاوات و ئارەزووانە کە هەمانە وەدی دێنێ؟ کەس ناتوانێ نکۆڵی لە ناسکی و ئاڵۆزی و تەنانەت وەك هێندێك جار سیاسییەکان دەڵێن درکاوی بوونی ئەو باسە بکا. بەڵام ئەمە قەت نابێ بەو مانایە لێك بدرێتەوە کە هەقمان نیە دەستی بۆ بەرین و لێی بدوێین و لە سەری بنووسین.

لە کەس شاراوە نیە کە سەدان ساڵە کورد و کوردستان بەدەر لە ویست و ئارەزووی کورد، پێشان لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی وەخت، ئێران و عوسمانی و دواتر لە نێوان هەر نەبێ چوار وڵاتدا دابەش کراون. مەسەلێکی کوردی هەیە دەڵێ" فەقیری خۆشە، قۆرتی ناخۆشە". دابەش بوونی کوردستان لە گەڵ خۆیدا هێندێك دابەشبوونی دیکەشی بەسەر نەتەوەکەماندا سەپاندوون. لەوانە دابەشبوونی دەسەڵاتداران، دابەشبوونی زمانی خوێندن، دابەشبوونی قازانج و زەرەر، دابەشبوونی فەرهەنگ، دابەشبوونی خەباتی ڕزگاریخوازانە، دابەشبوونی دۆست و دوژمن و زۆری دیکە. لە هەمووی تاڵتر ئەوەیە کە درێژەکێشانی ئەو هەموو دابەشبوون و لێك دابڕانە خەریکە وامان لێ بکا ئەم دیاردەیە بە شتێکی چارەنووسی و بەشێکی خوایی و هەتاهەتایی بزانین و بیرکردنەوە لە گۆڕینی بە بقە و هێڵی سوور دابنێین.

تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری کوردستان پێش ئەوەی لە گەڵ خەون و ئارەزوو سەروکاری هەبێ لە گەڵ دیاردەو واقیعی ڕەق و زەق و جارو بار خوێنتاڵ و ڕەزاگران بەرەوڕوویە. کەوایە قەت نابێ لە بیرمان بچێ کە باس لە چارەنووسی نەتەوەی کورد و هێنانە بەر باسی مەسەلەی کورد وەك یەك مەسەلەی بەیەکەوە بەستراو و چارەنووسی گەل و وڵاتێکی دابەشکراو لە گەڵ دژکردەوەی چەند دەوڵەتی هەرێمی و لە ڕێگای وانیشەوە لە گەڵ هەڵوێستی - زۆر جار - دژبەرانەی هێندێ دەسەڵاتی نێونەتەوەیی بەرەو روو دەبێ. بەڵام لە مێژە گوتوویانە ڕێگای خەبات بە گوڵ و ڕێحانە دانەچێندراوە. خەبات بۆ هەر ئامانجێك بێ، یانێ کارێکی سەخت و دژوار، بەربەرەکانێ لە گەڵ کەند و کۆسپ و هەوراز و نشێو و یانێ ململانێ لە گەڵ هێندێ بەرهەڵستت کە هەر نەبێ لە یەکەم ڕوانیندا زۆر زیاتر لە تواناکانی خەباتگێڕان دێنە بەرچاو. بەو پێیە نەك هەر هەقمانە بەڵکوو ئەرکیشمانە بە گیانێکی دیکە و بە بۆچوونێکی دیکەوە لە گەڵ ئەو مەسەلە چارەنووس سازە بەرەوڕوو بینەوە.

سەدەی بیستەم و بە تایبەتی نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە بە دوای دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا بە سەردەمی ڕزگاریی گەلانی بندەست و مافخوراو ناوبانگی دەرکرد. لە ماوەی پەنجا ساڵدا دەوروبەری سەد وڵاتی تازە لە سەر نەخشەی جوغرافیا پەیدا بوون و سەد ئاڵای تازە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتنە شەکانەوە. کەچی کورد وەك یەکێك لە گەورەترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو ڕەوتە دوا کەوت و سەری بێ کڵاو مایەوە. کورد هەر ئەوەندەی پێ بڕا ئاقڵ ئاقڵ لە ماڵی خۆی دانیشێ و - پێ لە بەڕەی خۆی درێژتر نەکا - بەڵکوو ئەو خوایە دەسەڵات بەدەستەکان ڕەحمیان بۆی ببزوێ و هەر نەبێ لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەکەی خۆیاندا خانەیەکی بۆ بکەنەوە و کەمێك لە ماف و ئازادییەکانی پێ ڕەوا ببینن. بە داخ و کەسەرەوە ئەو چاوەڕوانییە خێرێکی بۆ کورد نەدایەوە و بە ناو براگەورەکانمان هەرگیز بەزەیی بە دڵیاندا نەهات، قەت باوەڕیان پێ نەکردین و بێ ئەوە داوای مافی ڕەوای خۆمان لە بوونی وڵات و دەوڵەتی خۆمان کردبێ، هەمیشە بە جیاییخواز و دز و جەردەو سەربزێو و نۆکەری ئەم و ئەویان دانان و هەزار تۆمەت و بوختان و ناوو ناتۆرەیان وەدواخستین.

ئێستا لە یەکەم دەیەی سەدەی ٢١دا دەژین. شانازی بەو دەسکەوتە نەتەوەییەوە دەکەین کە لە باشووری کوردستان ئەگەر بە نیوەچڵی و نەچەسپاوییش بێ، وەدەست کورد کەوتوە. بەڵام لێرەدا بە خۆم نەبوو قسەیەکی ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانیم هاتەوە بیر، دوای ڕێککەوتنەکەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ لە گەڵ چەند هاوڕێیەك بۆ کاری خۆمان چووبوینە خزمەتی. پێش ئەوەی نۆرەی ئێمە بێ کە قسەی خۆمان بکەین زۆر کەس و کۆمەڵی دیکە لەوێ بوون کە دەبوو داخوازەکانیان بێننە گۆڕێ. لە نێو ئەوانەدا کۆمەڵێك پیاوی ئایینی - مەلا - هەبوون. کاتێك نۆرەیان هات یەکیان بە نوێنەرایەتیی هەمووان هاتە قسە و پیرۆزبایی ئەو " سەرکەوتنە مەزنە"ی لە بارزانی کرد. مەبەستی دەرچوونی بەیاننامەی یازدەی ئادار بوو. بارزانیی ڕەحمەتی زۆر بە ئارامی گوتی سەرکەوتنی چی بابە گیان، لە بستێکی کوردستان قەولی حوکمی زاتییان پێ داوین.ئەو هەموو کوردستانە ئەسیرە نابینی؟ با لە خۆمان نەگۆڕێین. ئێستاش ئێمە هەر لە باشوور کارمان زۆر ماوە و ڕێگایەکی دوور و درێژمان لە بەرە.

هێشتا بەشی هەرە گرینگی خاکەکەمان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و ئەوەی هەشمانە تا ئێستا نەچەسپاوە. خۆ دیارە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کە بە هەموویانەوە چوار پێنج هێندەی باشووری کوردستان زیاترن جاری هەر حاشا لە بوونمان دەکرێ. کەوایە بۆ ئەوەی سەدەی ٢١یشمان



لە دەست نەچێ پێم وایە دەبێ هەنگاوی گەورەی نەتەوەیی هەڵێنینەوە، هەنگاوی وا کە بتوانێ ئەو مەودا دوورو درێژەی لە پێشمانە لە ماوەیەکی کورتتردا ببڕێ. ئەمن نامەوێ بڵێم هەر ئێستا دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بەرز کەینەوە. بۆخۆم ماوەیەکی زۆر کاری سیاسیم کردوەو کەم و زۆر لە کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگا شارەزام. باش دەزانم دروشمی کوردستانی گەورەی سەربەخۆ لە گەڵ چ بەرهەڵستێکی گەورەی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و تەنانەت هی دۆست و هاوپەیمانە دەرەکییەکانیشمان - ئەگەر هەمانبن - بەرەوڕوو دەبێ. بەڵام خۆ ئەگەر ئێمەش خۆی لێ ببوێرین مافخۆرەکانمان دەزانن ئێمەی کورد نە تورکین، نە فارسین و نە عەرەبین. نەتەوەیەکی جیاوازین کە هەموو مەرجەکانی نەتەوەبوونمان تێدایە و هیچمان لە هیچ نەتەوەیەك کەمتر نیە: خاکی هاوبەش و زمانی هاوبەش و خوو و خدەی هاوبەشمان هەیە و بە تایبەتی هەم خاك و هەم حەشیمەتمان بە ئەندازەی پێنج - شەشێك لەو گەل و وڵاتانە دەبێ کە سەربەخۆن و ئاڵایان لە تەنیشت ئاڵای زلهێزەکان دەشەکێتەوە. با ئەوەی دۆستان و دوژمنانمان لێی ئاگادارن چیدیکە نەی شارینەوە و بە ڕاشکاوی بڵێین ئێمە نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەین و هەقمانە ئەوەی بە هەمووان ڕەوا بینراوە بە دەستی بێنین و لەوە زیاتر لێی بێبەش نەکرێین، با بەدەنگی بەرز و بێ پێچ و پەنا بڵێین هەقمانە چارەنووسی خۆمان لە هەر شکڵێکی گونجاو یەك لەوان دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆ بەدەستەوە بگرین. ئەمەش نەك جیابوونەوە و لەتکردنی خاکی هیچ کەس نیە، بەڵکوو یەکگرتنەوەیەکی داخوازانەیە

دوای لەتبوونێکی داسەپاوو زۆردارانە. هەلومەرجی پارچەکانی کوردستان لێك جیاوازە، هەر بەشێك بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆی، ستراتیژی خەباتگێڕانەی خۆی و هاوسەنگەر و هاوخەبات و هاوقازانج و هاوئامانجی خۆی هەن و پێویستە هەمووی ئەوانە لە بەرچاو بگیرێن. زۆر جارمان دیوە و دەبینین کە

دوژمنی بەشێکی کوردستان "دۆست"ی بەشێکی دیکەیە و دەوڵەتی یەکێك لە وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا "پشتی جەبهە" بۆ بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی دیکە دروست دەکا. ئێستا ئەو "پشتی جەبهە"یە چەندە خێی متمانەیە و چەند بۆ ئەوەی دەبێ پشتی پێ ببەسترێ باسێکی دیکەیە و ئەوانەی شارەزای مێژووی کۆن و نوێی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردن ئەزموونی پێویستیان هەیە و وەڵامی پێویستیان لە لایە. لە هەموو حاڵێکدا بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کورد پێویستە لە دەستێوەردانی کاروباری یەکتر خۆبپارێزن، دەبێ پێوەندییە نێوخۆیی و هەرێمی و نێونەتەوەییەکان لەبەر چاو بگرن و گیروگرفت بۆ یەکتر دروست نەکەن. تەنانەت دەبێ هەلومەرجی یەکتریش ئەوەندە تێ بگەن و هەڵ سەنگێنن کە پێوەندیی بزووتنەوەی بەشێکی کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی دەسەڵاتداری بەشێکی دیکە نە بگاتە ئەو ڕادەیە کە زیان بە قازانجەکانی ئەو بەشە بگەیەنێ و سنووری سەربەخۆیی بڕیاردان ببەزێنێ، نە بە ناهەق و ناڕەوا لە لایەن خەڵکی ئەو بەشەوە بەستراوەیی و کلکایەتی وچی وچی لە قەڵەم بدرێ. نموونەی هەموو ئەو شتانە بە پارێزەوە ئاماژەم پێکردن لە بیری شارەزایانی مێژووی ئەو چەند دەیەی دوایی ماون و پێویس ناکا زیاتریان ڕوون بکەینەوە. کەوایە بەشەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد نە دەتوانن هەر کامیان لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆیدا قەتیس بمێنێ و نە لە توانایاندا هەیە لە یەك بەرەدا پێکەوە خەبات بکەن. هەر یەکەو هەلومەرجی تایبەت بە خۆی و تاکتیك و ستراتیژی و تەنانەت

دۆست و دوژمنی خۆی هەیە. بەو حاڵەش هێزە خەباتگێڕەکانی نێو بزووتنەوەی کورد ئەگەر بیانەوێ مەیدانێکی بەرفرەوانیان بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر و کاری هاوبەشی دیپلۆماسی لە خزمەتی تەواوەتی نەتەوەی کورددا لە بەردەم ئاوەڵایە. ئاشکرایە کە دەرەتانی ئەوە نیە ئەم بەشەی بزووتنەوەی کورد بە چەك و چەکداری و کەرەسەی شەڕ پشتیوانی لەو بەشەی دیکە بکا. بەڵام هەر وەك نموونە بڵێین هیچ قانوونێك و هیچ دەوڵەتێك هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکی نێونەتەوەیی هاوپێوەندیی سیاسی و یارمەتیی دەرمانی و خۆراکی و بە گشتی کۆمەکی ئینسانیی وڵاتێك بە وڵاتێك و بە تاوانی دانانێ هەتا دەگا بە کۆمەك و پشتیوانیی دوو بەشی نەتەوەیەك بە یەکترو لە یەکتر. ئەوەش جێگای سەرنجە کە لە هەلومەرجی ئێستادا هیچ کام لە بەشەکانی بزووتنەوەی کورد لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورددا خەباتی چەکدارانەی لە بەرنامەی کارو تێکۆشانی خۆیدا دانەناوە. نەتەوەی کورد کە هەر لە سەرەتاوە لایەنگری خەباتی سیاسی و ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بووە و تابۆی کرابێ خۆی لە شەڕ و کوشت و کوشتار پاراستوە، ئێستا بە کەڵك وەرگرتن لە ئاڵوگۆڕە دیپلۆماسییەکان لە ڕادەی جیهانیدا دەیەوێ داخوازەکانی بە شێوەی سیاسی و لە کاناڵە قانوونییەکانەوە بێنێتە گۆڕێ بۆ وەدەستهێنانیان تێبکۆشێ. لە هەلومەرجێکی وادا بەجێیە هێزە سیاسییەکانی کورد هەموویان و لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا قسەی خۆیان بکەنە یەك و داخوازە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە یەك زمان و یەك بۆچوون و هەر لەو کاتەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تێبینییەکان بێننە گۆڕێ و تێکڕای ئاڵترناتیڤەکانی چارەسەری مەسەلەی کورد و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلەکەمان لێك بدەنەوەو تاوتوێیان بکەن. ئەمە ئیدی نە داوایەکی ناڕەوایەو نە هێنانەگۆڕیشی پێویستی بە هێزی چەکدارو شەڕو لەشکرکێشی و تەنانەت خەباتی ژێرزەمینی هەیە. داوایەکی بەر هەقە کە هیچ کۆڕو کۆمەڵێکی نێودەوڵەتی بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە ناتوانێ گوێی بۆ ڕانەگرێ یان بە دژی ڕاوەستێ. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە بۆ گەیشتن بەو قۆناغە لە خەباتی ڕزگاریخوازانە، هێزە سیاسییەکانی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کورد و ڕێبەرە سیاسییەکان ئەرکێکی گرنگیان دەکەوێتە سەر شان و بڕیارێکی - بۆ هێندێ کەس - سەختیان لە پێشە. ئەویش ئەوەیە کە بەرگی حیزبایەتی و دەمارگرژیی ڕێکخراوەیی لە بەر خۆیان دادڕن و جارێك بۆ هەمیشە و هەموو پێکەوە قەبووڵ بکەن کە حیزب و ڕێکخراوی

سیاسی ئامرازەو ئامانج گەل و نیشتمان و دواڕۆژی نەتەوەی کوردە. لەم مەیدانەدا نەك هەر ئەم حیزب و ڕێکخراو، تەنانەت ئەم بەش و ئەو بەشی کوردستانیش ئەوەندە مانا و مەفهوومی نامێنێ. پێویستە بگوترێ کە ئەم قسەیەی سەرەوە بە هیچ جۆر ئەوە نیە کە حیزبەکان هەڵ وەشێنەوە یان خەباتی ڕێکخراوەیی و تەنانەت ململانێی حیزبیش وەلا بنرێ. بە پێچەوانە بە جێیە هەموو حیزبەکان بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانیان و کۆکردنەوەی زیاتری کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری ئامانجەکانیان لە جاران چالاکانەتر هەوڵ بدەن. جیاوازیی ئەم قۆناغە لەوە دایە کە لێرەدا ئامانجە درێژخایەنەکە یەکەو ململانە حیزبییەکە لە سەر ئەوەیەکە کامە حیزب یان ڕێکخراو پتر بتوانێ گیانی نەتەوەیی لە نێو ئەندامان و لایەنگرانیدا بەهێز بکا و گەیشتن بە چارەسەری یەکجارەکیی مەسەلەی کورد مایە لە خۆی دابنێ و لە قازانجی تەسکی حیزبی بگوزەرێ. قەرار وابوو لە مانگی ئوکتۆبر (تشرینی یەکەم)ی ئەمساڵدا کۆنفرانسێکی کوردستانی لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان بگیرێ . بە باوەڕی من ئەوە پیرۆزترین کار بوو کە خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری و بەختیاریی خەڵکی کوردستان هەنگاویان بۆ دەهاویشت. بە داخەوە چەند ڕۆژ پێش ئەو وەختە کە بۆ بەستنی دیاری کرابوو ڕاگەیەندرا کە کۆنفرانسەکە پێك نایە. ئەمە بۆ هەموو ئەو دڵسۆزانەی ئۆمێدیان بەو کۆنفرانسە بەستبوون خەبەرێکی ناخۆش بوو. بەڵام بە باوەڕی من ئەگەر لە بەر هێندێ تێبینیی سیاسی و دیپلۆماسی نەکراوە ئەو کۆنفرانسە لە پێتەختی هەرێمی کوردستان ببەسترێ، بەرنامەڕێژانی کۆنفرانس و دڵسۆزانی دیکەی کورد نابێ واز لە فکرەکە بێنن و دەبێ هەوڵ بدەن لە وڵاتێکی دەرەوە کە ئەو جۆرە تێبینییانەی لێ ڕەچاو نەکرێ ئەو ئەرکە پیرۆزە نەتەوەییە بە ئەنجام بگەیەنن.

ئەرکی هەموو لایەن و کەسایەتییە وڵاتپارێزە کوردەکانە کە هەریەکە و بە پێی جێگەو پێگەی خۆی لە هەوڵی پێکهێنان و سەرخستنیدا بەشدار و شوێندانەر بن و ئەم ڕووداوە بکەنە تاجی سەروەری بەسەر سەری بزووتنەوەی دەیان و سەدان ساڵەی کوردەوە لە پێناوی گەیشتن بەماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا. ئەم کۆنفرانسە ڕاست ئەو دەرفەتەیە کە دەبێ بۆ نەخشەدانان لە پێناوی دەست پێکردنی قۆناغێکی پێشکەوتووتری خەباتی نەتەوایەتیی کورددا بقۆزێتەوە. خەمساردی لە پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسەدا و لەویش زیاتر بە فیڕۆدانی ئەم دەرفەتە یان خەریك کردنی بە هێندێ باسی کەم بایەخی لاوەکییەوە دەتوانێ زەبرێکی گەورە لە کۆشکی ئاواتی دڵسوزانە بدا کە چاویان بڕیوەتە ئاسۆی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کورد. خۆ ئەگەر بەو گیانە نەتەوەییەوە بۆ مەسەلەکە بچین و بۆی تێ بکۆشین بەراستی دەتوانین هیوادار بین کە سەدەی ٢١ و تەنانەت دەیەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەش بە ئاکام گەیشتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد بەخۆوە ببینن. بەو ئاواتە.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەندامانی بەڕێزی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ژنانی تێکۆشەری دێموکرات!

بە بۆنەی پێکهاتنی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتانەوە، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین و، سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بە ئاوات دەخوازین.

بەڕێزان!

کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێکدا پێک هاتوە کە لە لایەکەوە خەباتی یەکسانیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، خەریکە دەبێتە یەکێک لە بزووتنەوە چالاکەکانی کۆمەڵ و، داوای یەکسانیی ژن و پیاو و، پێویستیی نەمانی هەڵاواردنی جینسیی بردۆتە ریزی پێشەوەی ویست و داخوازەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی. لە لایەکی دیکەشەوە چاوەڕوانیی ژنانی کوردستان لە یەکیەتیی و ڕێکخراوەکانی ژنان و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی دێموکرات و پێشڕەو و نوێخواز، بە ڕادەیەکی زۆر، بەرەو ژوور چووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر ڕووناکایی ئەم ڕاستییانە، بە هێنانە گۆڕی هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی خۆی و بەو گۆڕانانەی لە کۆنگرەی چاردەیەمی خۆیدا هەنگاوی بۆ هەڵ گرتن، وڵامی موسبەتی بەم چاوەڕوانییانە داوەتەوە و، توانیوێتی هومێد و گەشبینییەکی زۆر لە نێو خەڵکی کوردستان دا بە نیسبەت تێکۆشانی خۆی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بخولقێنێ. هەر بەم پێیەش ئەرکێکی قورسی خستۆتە سەر شانی خۆی و ئەو ڕێکخراوە سینفییانەی، ئیلهام لە بەرنامە و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە وەردەگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنەدی مێژوویی "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە"دا کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حیزبدا بڵاوی کردەوە، هەروەها لە بەڵگەنامە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی خۆیدا، لە زۆر بواردا و یەک لەوان لە پێوەندی لەگەڵ نەخشی ژنان و بەشدارییان لە بەڕێوەبەریی کاروباری حیزبدا، ئازایانەو ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە خۆی گرتوەو، بەرعۆدە بووە بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەمتەرخەمی و کەم و کورتییەکانی خۆی لە بوارانە دا، هەنگاو بنێ. کەڵکوەرگرتنی حیزب لە پرەنسیبی "هەڵاواردنی پۆزێتیڤ" لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی ١٤و لە خودی کۆنگرەی ١٤ داو، پێکهێنانی دەرەتان بۆ هەڵبژێرانی ڕێژەیەکی زیاتری ژنان چ وەک نوێنەرانی کۆنفرانسەکان و کۆنگرە و چ بۆ ئەندامەتیی ڕێبەریی حیزب، نیشانەی وەفاداری و پابەندیی حیزبی ئێمە بە بەڵێن و دروشمەکانی لە قۆناغی نوێی تێکۆشانی دان. بەڵام ئەو کارانەی کراون لانیکەمی ئەو هەنگاوانەن کە پێویستە لە پێوەندی لە گەڵ ژنان دا هەڵ بگیرێن. ئێمە لە سەرمانە هەم بۆ بەشدارکردنی زیاتری ژنان لە بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبدا، هەم بۆ پشتیوانی و هاوکاریی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان پرۆژە و بەرنامەمان هەبێ. پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەرفەتێك دەزانین تا ژنانی دێموکراتی کوردستان و هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخواز دڵنیا بکەینەوە کە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەموو توانایەوە پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی یەکسانیخوازانە و دژ بە هەڵاواردنی جینسی لە کوردستان و ئێران دا دەکا. بەم پێیە شتێکی زۆر سروشتییە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕابردوویەکی درێژی لە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، وەك ڕابردوو و تەنانەت زیاتر، لە پشتیوانی و هاوکاریی جۆراوجۆری ئەم حیزبە بەهرەمەند بێ.

چاوەڕوانی و هیوای ئێمە ئەوەیە ئەم یەکیەتییە لەم کۆنگرەیەدا، شانبەشانی هەڵسەنگاندنی وردی کارو تێکۆشانی خۆی لە نێوان دوو کۆنگرەدا و دەست نیشانکردنی خاڵە لاوازو بە هێزەکان، بە سەرنجدان بە لێکدانەوەی دروستی هەلومەرجی خەبات بۆ یەکسانی لە کوردستان و ئێران، ئەرکەکانی لەمەو دوای دیاری بکا و، بەڕێوەبەرییەکی گونجاو بۆ ئەم دەورەیە هەڵ ببژێرێ. جێگای خۆشحاڵییە کە هەم لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، هەم لە دەرەوەی وڵات، کچان و ژنانی ئازاو ئاگا و پێگەیشتووی کورد کە ئۆگر و تامەزرۆی خەبات لە دژی نابەرابەرین، یەکجار زۆرن. کۆنفرانسێك کە چەند حەوتوو لەمەوبەر یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە وڵاتی سوئید بە هاوبەشی و هاوکاریی کۆمەڵێك کەسایەتیی ڕووناکبیر و یەکسانیخواز پێکی هێنا، دەری خست یەکیەتیی ژنان و بە گشتی ژنانی پێشەنگی کورد ئەگەر ئیرادە بکەن، دەتوانن کاری گرنگ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنی کورددا بکەن. لە نێو خۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دا، دەبینین کە ژنانی چالاکی کورد لە ریزی پێشەوەی ئەو خەباتە مەدەنییە دان کە سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپ و سەرکوتێك درێژەی هەیە. بە کورتی، پێویستە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانبەشانی کارو تێکۆشان لە نێو کەمپ و ئۆردووگاکانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، هەم لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، پێوەندییەکی باشی هەبێ، هەم لە نێو ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات چالاکتر بێ. یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە گرنگانە و هەموو هەوڵێکی خۆی لە پێناوی خزمەت بە ئازاد بوونی ژنی کورددا، دەتوانێ لە سەر هاوکاریی بێدریغی ڕێبەری و سەرجەم ئۆرگان و دەزگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حسێب بکا.

بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان و بە ئاواتی بەرەو پێشچوونی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری خەبات بۆ یەکسانی.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٨٧**
**١٨ی نوامبری ٢٠٠٨**

# کۆماری ئیسلامی، لاوی کورد و قەیرانی شوناس

**یوسف ئیبراهیم خاس (ئارام)**

کاتێ باسی کۆمەڵگا دەکرێ، دەتوانین باس لە زۆر چین و توێژی ئەو کۆمۆنە مرۆڤییەی سەردەم بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە بکەین. بەڵام ئێمە دەمانەوێ لە سەر ئەو کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و پێسکۆلۆژییانە ڕاوەستین کە توێژی لاوی کۆمەڵگای کوردستانی تووشی قەیرانێکی قووڵی شوناس و لاوازییەکی بەرچاوی لۆژیکی کردوە.

هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەت بە واتا نوێ و مۆدێرنەکەی، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا (*) و دامەزرانی دەسەڵاتە ناوەندییە بەهێزەکان، هەمووکات کەمینە (ئایینی، ئەتنیکی، نەتەوەیی و...) کەوتوونەتە پەراوێزەوە، دەوڵەتە ناوەندییەکان هەموو جۆرە شەڕێکیان بە سەر کورددا سەپاندوە، بەڵام خاڵێکی هاوبەش کە لە سەرەتای ئەم سەدەی بیست و یەکەوە داگیرکەرانی کوردستان لە سەری کۆک بوونە، ئاسمیلە کردنی نەتەوەی کورد بووە.

لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئێران (١٢٩٩) بە پێناسەکرانی دەستەواژەی میللەت (میللەتی ئێران) هەوڵ دراوە و دەسەڵاتداران لە یەکەم هەنگاودا سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی کورد ویستوویانە کولتووری کورد و ناسنامەی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیە لە پێناو ئەو سیاسەت و بەرنامەیەدا بتوێننەوە.

ئەو سیاسەتە شووم و دژی ئەخلاقییە وەکوو زنجیرەیەک کە ئاڵقەکانی پێکەوە گرێ دراون نزیکەی ٩ دەیەیە لە لایەن ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بەڕێوە دەچێ بەڵام هیچ کام لە داگیرکەرانی کوردستان بە ڕادەی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەم شێوە دژی ئەخلاقییە ڕانەوەستاون و تێکۆشانیان لە سەر ئەم خاڵە چڕ نەکردۆتەوە.

دکتۆر "عبدالحسین زرّین کوب" مامۆستای زانکۆ لە ئێران چەند ساڵ لەمەوبەر لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی "فرهنگ برهنگی و برهنگی فرهنگی" باس لە هێرشی فەرهەنگی ڕەسەن و لە مێژینەی ئێرانی و فارسی دەکا و کولتووری ڕۆژئاوا بە کولتوورێکی بێ ئەخلاق دادەنێ. دیارە "جلال آل احمد"یش لە کتێبەکەیدا بە ناوی "غرب زدگی" ئەو شتە زۆر پێشتر باس دەکا. لە حاڵێکدا دەتوانین بڵێین کە



هاتنی فەرهەنگ لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە یا لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە ناتوانێ بە مانای هێرشی فەرهەنگی بێ، چونکە ئەو وشە لێکدراوە واتە هێرشی فەرهەنگی دەستکردو سازکراوی دەسەڵاتی ئیسلامی و شۆڤینیسمی نەتەوەی بان دەست لە ئێران و وڵاتە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێهەم بووە و خۆی لە خۆیدا هیچ واتاو مانایەکی نیە، بەڵکوو تاکتیکێکە بە مەبەستی سازکردنی لەمپەرێك لە نێوان خەڵکی وڵاتانی خۆیان و دنیای دەرەوەدا.

ئەو شتەش کە پێی دەگوترێ گواستنەوەی فەرهەنگەکان پێوەندی و دانوستاندنی نێوان فەرهەنگەکان، هەمان قەرز وەرگرتن لە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندترە. دیارە ناتوانین ئەوەش بشارینەوە کە لە نێو دنیای گلۆبال و کاپیتالیسمی بازاڕی ئازاددا، فەرهەنگێکی بەهێزی ڕۆژئاوایی هاتۆتە نێو وڵاتانی جیهانی سێهەم و نیوە پەراوێزییەوە.

هێرشی فەرهەنگی ( ئەگەر دان بە بوونیدا بنێین) کاتێ ڕوو دەدا کە نەتەوەیەکی بان دەست بە هەموو ئامرازەکانی بەر دەستیەوە بیەوێ ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی تاکەکانی نەتەوەی بندەست بسڕێتەوە.

گۆیا "زرّین کوب"و هاوبیرانی لە یادیان کردوە کە نەتەوەکەی ئەوان واتە فارسی بان دەست ئێستا وەك هێزی خاوەن دەسەڵات ئەو بەرنامەیە زۆر بە توندی بەڕێوە دەبا. خانەی شەڕی فەرهەنگی و ژینۆسایدی سپی ئەو هێڵە حەرەکەتییە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەنگوستی لە سەر داناو مەیدانی کاری خۆی هێنایە نێو توێژی لاوی کۆمەڵگای کوردستان و ویستی بە پیادە کردنی بەرنامەکانی خۆی لە سەر ئەم توێژە، جووڵانەوەی کورد بە یەکجاری ڕیشەکێش بکا. سەرانی کۆماری ئیسلامی لە لێکدانەوەکانی خۆیاندا هەستیان بە جۆرێ میراتگریی شۆڕش لە نێوان بەرەیەك لە دوای یەکەکانی کوردستاندا دەکردو پێیان وابوو دەکرێ بە بێگانە کردنی بەرەی گەنج لە شوناسی نەتەوەیی هێزی ئینسانی پشتیوانی ئەو شۆڕشە واتە گەنجانی کورد، سەرکوت بکا. فەرهەنگی نەتەوەی باندەست لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە، چۆتە نێو خوێنی مرۆڤی کوردەوە، بە تایبەتی بەرەی گەنجی کوردستان کە لە نێو سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی و لە ژێر کاریگەریی بیری شۆڤینی فارسدا پێگەیشتووە. ئەگەر واقعبینانە لە قسە کردن، تا ڕادەیەك جل و بەرگ، ئاکارو کردەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بەرەیە بڕوانین دەبینین کە ڕەنگ و بۆنێکی تەواو فارسیی پێوە دیارە.

لەم نێوەدا بە چۆڵ کرانی مەیدانی خەبات لە لایەن هێزە کۆنسێرڤاتەکانی جووڵانەوەوە، کوردستان بوو بە مەیدانی یەکەسواریی کۆماری ئیسلامی و ژینۆساید ئەم جارە ڕەنگی سپی بوو، داگیرکەر دەستی لە سەر دەماری هەستی گەنجی کورد دانا. لەو بەینەدا لاوی کورد لە نێو زەینییەتێکی خەیاڵاویی و ئێرانچییەتیدا نقوم بووەو قەیرانێکی شوناس و لاوازییەکی لۆژیکی سەر تا پای تەنیوە بۆیە ئەو بابەتەی کە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا لە ژێر ناوی نامۆ بوون لە خۆ باسی لێوە دەکرێ، کە زۆر بە قووڵی لە زانکۆ، شوێنی کار، ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی و...گەنجانی کورد هەستی پێ دەکرێ.

دواکەوتوویی ئابووری و خۆ بەکەم زانینی گەنجی کورد بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت فارس، پەروەردەی بنەماڵەیی لە سەر بنەمای لایەنگری لە هێز و دوورەپەرێزیی سیاسی، واتە ئابسۆلیتیسم لە لایەن ئەو دایك و باوکانە کە خۆیان وەکوو دۆڕاوانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دەبینن، پەرەپێدانی گەندەڵی ئاکاری و مادەی هۆشبەر، سیاسەتی زەبرو زەنگ و چاوترسێن کردنی لاوان و لاوازی بزوتنەوەی کوردستان بە کورتی ئەو خاڵانەن کە لە سەر ئەو بارودۆخەی گەنجانی ڕۆژهەڵات شوێنەنەر بوون. بۆیە ئەرکە لە سەر شانمان ئاوڕ بدەینەوە لەم بەرەیەی کە وەکوو پتانسیەلێکی ئینسانی بە هێز و گەورە کەوتۆتە پەراوێزەوە و دەورانێکی مەترسیداری پاسیفیزم و بێ شوناسی تێپەڕ دەکا، ئەو کارە دەتوانێ هێزێکی زیاتر بە ئێمە بداو پشتیوان و توێژێکی زیندوو لە سەر پێ دروست بکات، بۆ ئەمڕۆ و دوارۆژی خەباتمان.

(*) هەر لەو کاتەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ناوەند دروست بووە، پرسەکانی شوناس و بازدان بە سەر جیاوازییەکانی شوناس هاتۆتە ئاراوە، دەوڵەتێك شوناسی خۆی کردۆتە شوناسی هەموو ئینسانەکانی ژێر دەسەڵاتی.

# باراك ئۆباما لە دەلاقەی داهاتووی کۆشکی سپییەوە

عەزیز شیخانی (*)

رۆژی ٤ی مانگی نوامبری ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی ئەمریکییەکان لە پرۆسەی دەنگدانی سەرکۆماری سەلماندیان کە ئاڵوگۆڕو خولقاندنی رۆژی نوێ، کاری بەردەوام و ویست و ئیرادەی بەرفراوانی دەوێ. لە ئاکامی ئەم دەنگدانەدا باراك ئۆبامای رەشپێست بە سەرکۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردراو رۆژێکی درەوشاوە لە مەیدانی سیاسەت و هەڵبژێران و هەلبژاردندا تۆمار کرا. ئەم هەڵبژاردن و هەڵبژێرانە لە ناخی خۆیدا هەڵگری پەیام و ئاڵ و گۆڕە کە لە هەمان کاتدا تەعبیر لە دیموکراسی و مێژووی خەباتی هەڵبژاردن لە ئەمریکا دەکات. سەرکەوتنی ئۆبامای باوك موسڵمان و٤٧ ساڵە دەنگدانەوەو رەنگدانەوەی دەرەکی و نێوخۆیی لێکەوتەوەو خەڵکێکی کە تامی سەرکەوتنی چێشتبوو دەستیان بە سەما کردو دایەگەورەی ئۆباماش لە خۆشی سەرکەوتن دەستی دایە سەما کردن. کەمایەتیی ئەفریقایی نیشتەجێ لە ئەمریکا و تەنانەت کەرتی ئافریقاو زۆرلایەن و تاقمی دیکەش زیاتر هەست و شادی خۆیان دەربڕی و ئەو سەر کەوتنەی ئۆبامایان بە رۆژی دەربڕینی خۆشییەکان بە بارتەقای رابردووی پڕ لە نەهامەتی رەش پێستەکانی ئەمریکا پێناسە کرد. لە جیهانی دەرەوەو لە نێو کۆروکۆمەڵی سیاسی ئەمریکا و بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاسیاو تەنانەت ئەوروپادا پەیامی پیرۆزبایی و ئەم سەرکەوتنە بۆ ئەمریکا رەوانە کران. لە جەنگەی سەرکەوتن و بردنەوەی هەڵبژاردندا سەرکۆماری داهاتوی ئەمریکا زیرەکانە دروشم و بەڵێنێکانی رابردوو تەنانەت چەند رۆژ لەوەپێشی لە بیرخۆی بردەوەو لایەنگران و ئۆگرانی خۆشی دڵنیا کردەوە، کە سەختییەکان لێرەوە دەست پێ دەکەن و ئاڵۆزییەکان لە بەردەمی دا قوت دەبنەوە. ناوبراو لە وتەو ئاخاوتنی پاش سەرکەوتندا گوتی: من پێویستیم بە پشتیوانی ئێوەیە و رێگای درێژمان لە پێشە گیرو گرفتەکانی بەردەممان سەخت و چڕ دەبن رەنگە لە ماوەی ساڵێك دا یان دەورەیەکی سەرکۆماری بە هەموو ئامانجەکانمان بگەین بەڵام هیچکاتێك و بە ئەندازەی ئەم ئێوارەیە ئومیدوار نەبووم کە ئێمە بە ئامانجەکانمان دەگەین ئۆباما لە کۆتایی وتەی پاش سەرکەوتن و هەڵبژێرانیدا داوای لە ئەمریکاییەکان کرد بۆ سەرکەوتن بە سەرکێشە هەنووکەییەکاندا یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن.

٢٠ی مانگی ژوئیەی ساڵی ٢٠٠٩زایینی بوش پاش ٨ ساڵ سەرکۆماری، کۆشکی سپی جێ دێڵێ و ئۆباماو جێگرە ٦٧ ساڵەکەی ژۆزێف بایدێن سوێندی یاسایی دەخۆن و ئیدارەی کارو تێکۆشانی ئەمریکا دەگرنە دەست. کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بوش لە کۆشکی سپی و هاتنەوەی دێموکراتەکان بۆ سەر شانۆی سیاسیی ئەمریکا و جیهان لە زۆر روانگەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئێستا ئۆباماو یاریدەدەرکانی لە بەردەم خەڵکی جیهان کەوتوونەتە ژێرچاوەدێری لە بەر ئەوەی کاتی دروشم دان و شەری وشە کوتایی پێ هاتووە بۆ هەموو لایەك روونە کە کاتی بریارو کرداره. ئۆباما، بایدێن و باقی هاوکارانیان جێگای خۆیەتی لە مەیدانی پراکتیزە کردن دا بیسەلمێنن لە نێوان دروشم و کردارو پراکتیزە کردندا بالانسی گونجاوەیان لە بەرچاو گرتووە ئەمڕۆ ئەمریکا لەگەڵ کێشەی ئابووری و چەند گرفتێکی ناوچەیی و جیهانی دەستەویەخەیە بۆ چارەسەر کردنی دارایی و ئابوورییەکانی ئەمریکاو گەرانەوەی متمانە کاری زۆر لە پێشە.

سەرکۆماری تازەو دێموکراتەکان دەبێ بەردەوام بڕیاری چارەنووس سازو لێکدانەوەو هەڵبژاردنی ئالترناتیوە دەگمەنەکاندا خۆیان بگرن لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوە ئەمریکا لەگەڵ چەند لایەنێك پێویستە لانیکەم تاکتیکی پێوەندی و هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕێ. پێوەندی لەگەڵ روسیەو کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤیەت لە بازنەی ئەم وەرچەرخانەدا خۆدەدۆزنەوە. کێشەی فلستین ئیسرائیل لە خانەی ستراتژیدا دەمێنێتەوەو ئەمریکا وەك ٢٠ساڵی رابردوو درێژە بە رۆڵی نێوبژیوانی لە نێوان فلستین و ئیسرائیلییەکاندا دەدات هەرچەندە رابردووی ئەم رەوتە دیپلۆماسییە هەتا ئێستا ئاکامێکی پڕبایەخی لێ نەکەوتۆتەوە بەڵام ئەمریکا بەهۆی سیاسەتی لەمێژینەی خۆی بەرگری لە ئیسرائیل دەکات و هەروەها لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و تەنانەت فلستین دا پێوەندیی خۆی پاراستووە و درێژەی پێدەدا. سیاسەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق بە گوێرەی روانگە سیاسییەکان رەنگە لە بەردەم ریسکێکی جیدیدا بێت سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەتایبەت هێز بۆ رووخاندنی دوو دەسەلاتی تالیبان و سەددام لە رەوتی کردەوەو دژکردەوەدا بوونەتە بەشێك لە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە ستراتیژی بوونی هێزە ئەمریکاییەکان لە



ئەفغانستان و عێراقدا و تەنانەت قبوول کردنی نەخشەی سیاسیی دوارۆژی دەسەڵات لە عێراقدا بڕیارێکی قورس و خاوەن کاردانەوەیە. ئۆباما لە مەیدان و گۆڕەپانی کردەوەدا ناتوانێ و ناکرێت بە شێوازی دروشمەکانی هەڵبژاردن هەنگاو هەڵ گرێت. سەرکۆمار لە قەوارەی دابەش کردنی دەسەڵات پشکی گەورەی بەر دەکەوێت بەڵام ئەوە سوننەتی سیاسەتی سەرکۆمارەکانی ئەمریکایە، کە بەشێوەی مامناوەندی سیاسەتی خۆیان لەگەڵ سیاسەتی پێشووی وڵات هاوئاهەنگ بکەن. خولقاندنی پارادۆکس و دژبەرییەکی بەردرێژ لە ستراتیژی ئەمڕۆو دوێنێ ئەمریکادا لە قازانجی سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو نیە .

ئەمریکاو هەموو دەوڵەتەکان لە سەر شەقامی بەرژەوەندی کورت و درێژخایەندا چەرخی سیاسەت و دیپلۆماسی خۆیان وەگەڕ دەخەن. بەرژەوەندی وڵات و ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سەرمایەگوزاری ئەو زلهێزە لە جیهان و بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چرای رێگای داهاتووی سیاسەتەکانی کۆشکی سپی دەبێت. ئامریکاو سیاسەتە درێژخایەنەکانی ئەم وڵاتە لەسەر دوو باوەڕی پاراستنی سەروەری جیهانی و پاراستن و گەشەپێدانی ئابووری وڵات و کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی نێوخۆو دەرەوەدا دامەزراون و زۆر ئەستەمە ئەو باوەڕانە لە ریشەوە بسوتێنن و باوەڕی دیکە یان جێگیر بکەن. هەربۆیە ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان دا دەبێ سیاسەتی تازە بەکار بێنێت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ٨ ساڵ سیاسەتی بوش لە ناوچە مامەڵەیەکی لۆژیکییانە بکات گوڵبژێرێکی بە کردەوەی خاڵە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکان بکات لە پەنا ئەو سیاسەتەدا راستکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتی ئەوروپا و مۆرکردنی رێککەوتنامەی دوو قۆڵی دەبێتە ئەمری واقیع. ئەمریکاو پێوەندییەکانی لەگەڵ لانی کەم بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئورووپای رۆژئاوا پاش پەلاماردانی عێراق گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی و ئەوروپاییەکان هەربۆیە لە چاوەڕوانی ئاڵوگۆری باڵانسی پێوەندی نێوان ئەمریکاو خۆیاندان. بوونی هەستی دژبەربوون بەرامبەر بە ئەمریکاو سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە کە لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی لە پەرەسەندندا بووە نیشانەیەکی دیکەی پێویستی ئاڵوگۆرە .

پێوەندی ئامریکا لە گەڵ تورکیە، سوریەو لەو نێوەشدا کوردەکان و بەتایبەت لە سەردەمی ئەمڕۆی عێراقدا باشووری کوردستان لە لاپەڕەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕن. ئەمریکاو تورکیە پێویستیان بە گەرمکردنی پێوەندیەکانیان هەیەو تورکیە لەم نێوەدا چاوەڕوانی خۆی هەیە. سوریە لە بەرەی وڵاتانی عەرەبی و بەتەنیاش خوازیاری وەرچەرخانی گەورەیە لە سیاسەتی نێوان دوو وڵاتدا. دیاریکردنی سووریە لەگەڵ ئێران بە مێحوەری شەیتانی لەلایەن بووشەوە هێشتا لە سیاسەت و کرداری ئەمریکادا رەنگدانەوەی خۆی هەیە. ئەمریکا دەتوانێت لە ئەگەری هاتنە گۆڕی وەرچەرخانی پێویست لە نێوان ئیسرائیل و سووریە نێوبژیوانی بکا و لەو رێگایەوە بتوانرێت بارودۆخی لوبنان و فلستین ئارامتر بکەن سووریا بە هۆکاری تایبەت لەگەڵ ئێران دەورێکی بەرچاو لە لوبنان وفلستین دا یاری دەکەن و ئەگەر ئەمریکاو سووریە پێوەندییەکی گەرم وگوڕ دابمەزرێنن باڵانسی هێزو کێشەکان لە ناوچەدا دەگۆڕێ. لە مەر کێشەی کورددا روون نیە کە باراك چەندە هەوڵ دەدا لە نێوان تورکیەو کوردەکانی باکووری کوردستان دەرگای وتووێژ بکاتەوە. ئەگەر باراك ئەم سیاسەتە بگرێتە بەر، ئەگەر کیشەی کورد چارەسەریش نەکرێ زیاتر دەبێتە بابەتی نێونەتەوەیی و لە سیاسەتی زلهێزەکانی دیکەی ناوچە و جیهاندا کێشەی کوردو رێگاچارەی ئەو کێشە ئاڵۆزە زیاتر ریشە دادەکوتێت بەڵام راگرتنی باڵانسی نێوان باشووری کوردستان و بە تایبەت پرۆژەی پێشووی ژۆزێف بایدێن بۆ دابەش کردنی عێراق بە سێ ناوچەی کوردو شیعەو سوننە لە هاوکێشەی ناوچەو عێراقدا رەنگدانەوەی دەبێت هیچ سەیر نییە ئەو جارە بایدێن لە پۆستی جێگری سەرکۆماریدا بڵێ، کە پرۆژەی ناوبراو ئیکس پایر بووە و تازە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ بە رێگاچارە ناژمێردرێ سیستمی سیاسی و حوکمرانی و چۆنیەتی سازدانی ئەمریکا لە ژێر سێبەری بەرژەوەندی نەتەوەییدا ئەکتەری سەرەکی و شوێندانەری دوارۆژی بارودۆخی کوردەکانی باشووری کوردستان دەبێت .

ئێران و سیاسەتەکانی ئێران لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ئۆباما یەکێك لە نوختە دیارەکانی سیاسەتی کۆشکی سپی دەبێ. ئەوەندەی دەرکەوتووە ئێران و مەلاکانی تاران بۆ وتوویژ مەیلیان هەیەو لە عێراق دا چەندین جار پێکەوە لە ژێر ناوی جیا جیا دانیشتن و چاوپێکەوتنیان هەبوە ئێران بۆ مانەوە و درێژەدان بە سیاسەتەی پاراستنی دەسەڵات لە چنگی ئاخوندەکاندا هیچ دوور نییە کە رۆژێك بە فەرمی لەگەڵ ئەمریکا نەکەوێتە وتوویژ و دانوستاندن. ئەمریکا و بەتایبەت دێموکراتەکان لەو دەورەیەدا بۆ گەڕانەوە بۆ بنەما سیاسییەکانی خۆیان ئەگەر هیچ نەبێت رەنگە تاکتیکی دژایەتی و دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی وەك ئێران بگۆڕن. دەستراگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکی و کۆمەڵکوژ لە ساڵانی پێشتر بۆ ئەمریکا و بەشێك لە وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا ببووبە باسێکی گەرمی لانیکەم میدیایی. مەترسییەکانی ئێران و نیزامی ئیسلامیی ئێران بۆدوارۆژی ناوچەو جیهان لە سەر نەخشەی کۆشکی سپی هەر دەمێننەوە. بەڵام ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە پێوەندی ئاڵۆزی نێوان روسیەو ئەمریکا چین و ئامریکا و زۆر وڵاتی دیکە هەتا ئەمڕۆش ویستوویەتی، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا خاوەنی رۆڵ و نەخشێکی دیاریکراو و بەرچاو بێ. پاراستنی ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکا و مەترسی هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئەو وڵاتە خاڵێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و ئێران دەبن .

ئۆباما بە دروشمی ئێمە پێویستیمان بە ئاڵوگۆر هەیە پێی نایە گۆرەپانی هەڵبژاردنەوەو هەتا رۆژی سەرکەوتن و وەدەستهێنانی دەنگەکان ئەو دروشمەی هەر دەوتەوە. لە کاتی سەرکەوتن دا کەمێك زیاتر دروشمەکەی گەورە کردەوەو وتی ئێمە دەتوانین و جیهان دەگۆڕین و خوا ئێوەو ئەمریکا بپارێزێت ئەوەی لە جەرگوی رێئالیزمی سیاسی تێدەگاو هەڵوێستەی لە سەر رەوتی رووداوە مێژوویی و سیاسییەکان هەیە دەزانێت کە دروشم و کردار جیاوازی زۆریان پێکەوە هەیە. ئەوەی کە ئەمریکاییەکان کەسێکی بە رەچەڵەك ئەفریقاییان بەسەرکۆمار هەڵبژارد بە مانای ویست وداخوازی ئاڵوگۆڕە. ئاڵوگۆڕەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکاو ئورووپا و زۆربەی ناوچەکانی جیهان هەست پێ دەکران و ئەو دەنگدانەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی خەڵك لە پێناو دوارۆژێکی بەختەوەردا دەژی. ئەمریکاو سیاسەتی ئەم وڵاتە بە تەنیا ناتوانێت جیهان بگۆرێ. ئامریکا وەك زلهێزیکی خاوەن توانا دەتوانێ لە چارەسەر کردنی گەلێك کێشەی جیهان و ناوچەدا کاریگەر بێ. لە کوباو باقی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەرتی ئافریقا و سەبارەت بە ژینگەو بانکی جیهانی و کێشەی پەنابەران و نەخۆشی ئایدز بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتە سەنعەتییەکانی دیکە دەکرێت لاپەرەیەکی مێژوویی بکاتەوە، بەڵام با سەما کردن بۆ لایەنگرانی ئۆباما و خزمە نزیکەکانی جێبێڵین و چاوەڕوان بین، کە بڕیارە سیاسییەکان لە کۆشکی سپی چۆن رێگا دەگرن و بەرەو کام ئامانج دەرۆن جیهان و مێژووی جیهان لە تەمەنی ئێمەی تاك پیرترە و دوارۆژ روون دەبێتەوە کە زور چاوەروان بوون بەڵێنی دان لە جیهانی سیاسەت و خەونەکان بەستێنی کێشەکان زۆر ناگۆڕێت و کێشەی هەژاری و نەداری و بێ مافەکان چارەسەر ناکاو ئۆبامای ئەمڕۆ شاد لە دەلاقەی کۆشکی سپییەوە سبەی یان دوسبەی هونەری سیاسەت و ئیدارەکردن دەخاتە روو. دەڵێن هەرکەس بەچاویلکەی خۆی باشتر دەبینێت و ئەوانەی دەچنە کۆشکی سپییش بە چاویلکەی دەسەڵات و باوەڕی ئەمریکاییەوە دەروانن ناوچەو جیهان. تۆ بڵێی کۆشکی سپیش ئەوەندەی بناخەی لەرزۆك بێ کە ئۆباما بە فۆرمێکی دیکەو لە روانگەیەکی دیکەوە بروانێتە کێشەکان و بڕیاری ئازایانەو ئاڵوگۆڕ خولقێنیان لە سەر بدات.

(*) خوێندکاری دوکتۆرای سیاسەتی نێونەتەوەیی.

# ئەرێ مافێك بە ناوی جیاییخوازی بوونی هەیە؟

## تێڕامانێك لە فەلسەفەی ماف و بە بیانووی تەنگژەی قەوقازەوە

و: تەها رەحیمی

**قەیرانی قەوقاز پرسێکی بنەڕەتی هێناوەتە کایەوە: گەڵۆ لە جیهاندا شتێك بە ناوی مافی رەوای جیابوونەوەش بوونی هەیە؟ بێ گومان لە دووەدیمەنی فەلسەفەیەکی سیاسیی نۆرمدار دا دەتوانین لەم بارەیەوە بدوێین. سەرەڕای ئەوەش دەبێ زۆر بە وردی و قووڵ تاوتوێ بکرێ و لە دژایەتیی لەگەڵ ئەم پرەنسیپەی حوقووقی نێونەتەوەیی دا کە نەبێ خوازیاری پاراستن و سەقامگیریی ئاشتەواییە.**

ئەگەر مافی جیابوونەوە هەبێ، بناخەکەی بێگومان مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکانە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بە واتای هەبوونی ئیختیارگەلی پێویست بۆ گەشە و پەروەردەی ئازادی دەرەکی و نێوخۆیی، کە لایەنە سیاسی و ئابووری و چ لە لایەنی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەوە، لە روانگەی فەلسەفەی مافەوە بەندێکی ئەوەندە قانیعکەرە کە لە مافە نێونەتەوەییە عورفیەکاندا (volkergewohnheitsrect) هەنووکە باوە. مافی دیاریکردنی چارەنووس ساڵی ١٩٦٦ لە بەندی ١/١ پەیمانی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و بەر لەویش لە بەرنامەی رێکخراوی نەتەوەکاندا (بەندی ٢/١) دا تەنانەت بۆتە "ئەسڵێکی بنەڕەتی" ی پەیمانەمەند. ئەو بەندە بەر لەوەی کە بەرنامەیەکی سیاسیی رووت بێ، پێگەی حوقووقی بە دەست هێناوە کە دەبێ بە شێوەی رەها بسەپێنرێ، بەڵام لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا لەبارەی ئێتنیکێکی گریمانە کراو کە دەبێ ئەو مافەی بدرێتێ، لە سەر واتای ورد و نێوەرۆك و بەرینایییەکی ئەو بەندە بنەڕەتیە کێشە هەیە.

**شێوازی هێرشبەرانەی دیاری کردنی چارەنووس**

لە هێندێك جێ بۆچوون ئەوەیە کە مەبەست لە دەستەواژەگەلی وەك "ئێتنیك" و "نەتەوە" لە پلەی یەکەم دا کۆمەڵگە مرۆیی رەسەن و یەك سەرچاوەکانە. دیارە دەستەواژەی "نەتەوە" لە بواری تایبەتمەندیی مێژووییەوە لە دایك بوون و سەرچاوە لە خۆ دەگرێ، بەڵام بە درێژایی مێژوو دەستەواژەگەلی "ئێتنیك" و "نەتەوە" ئاماژە بووە بە سنوورە سیاسییەکان، نەك سەرچاوەیەکی تاقانەی ژیوار ناسی. ئەگەر واتای ئێتنیك لەگەڵ دەستەواژەیەکی ئیمپراتۆری رۆم واتە civitas وەك یەك چاو لێ بکەین کە مەبەست لەوە هەبوونی مافی هاووڵاتیی بوونی وڵاتێکی تایبەتە، لەم بارەیە دا دەبێ باس لە ئێتنیکە بە رێکخراوە بووەکانی نێو چوارچێوەیەکی سیاسی بکەین و ئەو کات مافی دیاری کردنی چارەنووس واتای خۆی لە دەست دەدا. ئەوەی دەمێنێتەوە کورتەیەکە لە پرەنسیپەکانی دیکەی مافە نێونەتەوەییەکان: سەربەخۆیی وڵاتی مەبەست لە نێو وڵاتەکانی دیکەدا، یەکسانیی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دیکە و قەدەخە بوونی لە توندوتیژی. لە ئیمپراتۆریی ئەسکەندەرەوە بگرە هەتا رۆم و رووسیە و ئوتریش، هەموو نەتەوەکانی ئەو چوارچێوە سیاسییانە بە بەشێك لە نەتەوەیەکی یەکگرتوو دەژمێردران ئەویش لە هەلومەرجێك دا کە زمان، ئایین و فەرهەنگی هەرکامیان جیاواز لە یەکتر بوو. پاشماوەی هەڵوەشان و هەرەسهێنانی ئەو وڵاتانە ئاوێتەگەلێکن کە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە پرسیاری مافی جیابوونەوەیان هێناوەتە ئاراوە.

پرسێکی دیکە ئەوەیە، لەبەر ئەوەی کە مافی دیاری کردنی چارەنووس پەرەی پێدراوە تەنیا واتای داکۆکی کردن لە خۆ دەگرێ و لە راستیدا خۆڕاگرییە لە بەرانبەر دەرەوە و بەرگری کردن لەخۆ. ئەو مافە کاتێك دەتوانێ ببێ بە مافی هێرشبەرانەی دیاریکردنی چارەنووس یان جیا بوونەوە کە هیچ دەرەتانێکی تری بۆ داکۆکی و بەرگری لە خۆی (ئەوەی کە پێوەندیی بە خۆوە بێ) نەمابێ. بەڵام مافی نێونەتەوەیی هەنووکە ئەو چارەسەرییە رەت دەکاتەوە و بەیاننامەی سەربەخۆیی بنەڕەتیی وەك هێزێکی رووخێنەری "یەکگرتوویی و یەکپارچەیی ناوچەیی" وڵاتێك، بە گونجاو دەزانێ. دەتوانین ئەو دژایەتی و رەت کردنەوەیە بە پارادۆکسێك لە مافە نێونەتەوەییەکاندا لە قەڵەم بدەین، چونکی مافێکی دیاریکردنی چارەنووسی راستەقینە دەبێ ئەو ئیختیارەی هەبێ کە ئەگەر هەلومەرجێك هاتە پێش و هەوڵەکان دەرئەنجامیان نەبوو بتوانێ داوای جیابوونەوە بکا. هەروەها دەتوانین بڵێین لە گەڵاڵەی داڕشتنی مافە نێونەتەوەییەکاندا هەڵە رووی داوە، چونکی یەکەمین بەندی، بەندی سەربەخۆییە کە پێکهاتنی وڵاتەکان لە رەوگەی رووداوە مێژووییەکان دا بە مافێکی پارێزراو لە پەلاماردران دەناسێنێ، سەرەڕای ئەوەیکە ئەوە تەنیا مرۆڤەکانن کە شیاوی پاراستنن. بە جێتر ئەوەیە کە گومان کردن لە مافی جیاییخوازی ئەرکێك بەدی بکەین کە تەنیاو تەنیا شیاوی بەڵگاندن بە سوژەگەلی شیاوی بایەخی پاراستن، واتا مرۆڤەکان بێ. کە ئەوە لە راستی دا ئەرکی جێگیرکردنی ئاشتەوایی لە جێگیرکردنی ئاشتەوایی لە مافە نێونەتەوەییەکانە دا.

**Ultima Ratio دوایین رێگە**

لە بەر پاراستن و جێگیرکردنی ئاشتەوایی ئاوازمەنداتر وایە کە واز لە ماف جیابوونەوە بێنین و لە جیاتی ئۆتۆنۆمیەکی نێوخۆیی و ناوچە بێبەشە تەنیا لە بەر ئەوە دەیەوێ جیاببێتەوە تا ئەو سامانە نوێیە لە بەشەکەی خۆی خەرج بکا،بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە کۆتایی بە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو هێناوە.

ئەو شێوە هەڵسوکەوتە واتە هەتا پێویستی بە بەشەکانی دیکەیە، بەشێکە لەو ولاتە، بەڵام هەر کە ناوچەکانی دیکە پێویستییان پێی بوو بیەوێ جیابێتەوە لە بورای رەوشتیەوە ناحەزە.

بەڵام ئەگەر مافی بەرگرییانە تا ئەو جێیەی بلوێ بەربەرین بهێنە بەرباس: خەڵك (Volk) مەبەستمان (خەڵك بە واتای کۆمەڵگەیەك کە خاوەن زمان، ئایین، فەرهەنگ و نەتەوەی هاوبەشە) ئەو مافەیان دەبێ کە لە بارەی ئەو زمانەی کە بڕیارە لە یەکە سیاسییەکەیاندا کاری پێ بکرێ و یان لە بارەی فەرهەنگ و پەروەردە، یان هەر بابەتێکی پێوەندیدار بە ئایین و ئایینزاوە خۆیان خاوەن بڕیار بن.

بەلام ئەو یەکە سیاسییە دەبێ لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە دەیەوێ لێی جیابێتەوە بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر داوای ئۆتۆنۆمی تەنانەت دوای زەخت و گوشارێکی زۆریش دەرەنجامێکی نەبوو، زۆر ژیرانەیە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەرگریەوە بۆ هێرشبەرانە بگۆڕێ. ئەو خەڵکەی مەبەستمانە ئەو ئیختیارەیان دەبێ کە لە روانگەی حوقووقیەوە بتوانن لەو وڵاتەی کە بەشێك لەو بوون جیابنەوەو بەشێکی بە دەستەوە بگرن.

دیارە مافی بەکارهێنانی ئەو بە هەلومەرجێکی دژوارەوە بەستراوەتەوە، وای دانێین لە بەشێکی هەژاری وڵاتێکدا کە بە یارمەتیی دارایی بەشەکانی دیکە دەژیا ماددەیەکی خاو بۆ وێنە نەوت بدۆزرێتەوە. ئەگەر ئەو




دیاریکردنی چارەنووس بەردەوام و بە شێوەی گەڵاڵەکراو سەرنجی نەدرابێتێ و جگە لەوەش هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی بۆ چارەسەری کێشە و ئارێشەکان بە ئاکام نەگەیشتبین، لەو دۆخە دا ئیختیاری کەڵك وەرگرتن لە مافی جیابوونەوە بابەتێکە بۆ ئەوە دەبێ داکۆکیی لێ بکەی وەك دوایین رێگەچارە Ultima Ratio بەرگرییەکی رەوای گشتی و لە ئاکامدا وەك داکۆکی لە خۆ لە رەوشێکی ریزپەڕ دا، ئەو بەشەی باسکرا دەتوانێ ئەو مافەی هەبێ کە لەو کۆمەڵگەیە جیاببێتەوە و بەشێك لەو وڵاتە دابڕێ و دەوڵەتی خۆی بنیات بنێ یان تێکەڵ بە وڵاتێکی ببێ.

واژەی سەرەکیی دوایین رێگەچارە دوو پێوەری جیاواز دەخاتەڕوو: بە پلەی یەکەم جیاییخوازیی بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە ناوازەکەی پێویستی بە پاساو یان گومان رەوەاندنەوەیەکی زۆر هەیەو دەبێ بەڵگەیەکی بۆ دروستیی خۆی بخاتەڕوو. دوویەم ئەوەی کە دەبوو هەموو رێگەچارەکانی دیکە کە دەرەنجامی ئەرێنیی کەمتریان هەیە وەك پارێزگاری کەمایەتییەکان یان پێکەوەژیانی فیدارڵی بە شێوەیەکی جیدی کاری بۆ کرابایە و ئەنجامی نەبووبایە و لەگەڵ شکست رووبەڕووبایە. سێیەم پێوەر دەتوانرێ بە تاقیکارییەکی زەینی دۆزینەوەی نەوتەوە سەرنجی بدرێتێ: کۆمەڵگەی مرۆیی کە کێشەیەکی تایبەتی نیە نابێ لە بەر بەرژەوەندیی و پوانی تاك لایەنی کەسانێك مافی جیابوونەوەیان دەدرێتێ پارچە پارچە بکرێ. دوو پێوەرەکەی دیکە پێویستیان بە زیاتر شیکردنەوە نیە. مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤەکان دەبێ لە ئازادییەکانی تاك دا بە فەرمی بناسرێن. ئەو کەسەی لە گرووپێکی گەورەتر جیا دەبێتەوە دەبێ بە نۆرەی خۆی و بە پێی ئەو بنەما پاساوهەڵگرانەی کە خۆی پشتیان پێ دەبەستێ لە کۆمەڵگە نوێیەکەی دا رێگە بە جیابوونەوە بدا.

**پرسیارگەلێکی دژوار بۆ دیاریکردنی سنوور**

راگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەیالەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وێنەیەکی شیاوە بۆ بنەمای رەوای جیاییخوازی: "سێزدە ئەیالەتی یەکگرتوو" ئەو کات سەربەخۆیی خۆیان لە سەر سێ بنەمای مسۆگەری رەوشتی دامەزراند: مافی (مرۆڤ) رانەگوێزراو بۆ ئەوی دیکە، ئەرکدارکردنی حکوومەت بۆ گەرەنتی کردنی ئەو مافانە و هەروەها هەبوونی ماف ـ تەنانەت دەتوانین بڵێین بە ئەرکدارکردنی حکوومەت دوای چەندین جار دەسدرێژیکردنە سەر ئەو مافانە ـ لە پێناو گەرەنتی کردنیان بۆ دیاری کردنی پاسەوانی نوێ.

ئەو شتەی لە بواری رەوشتەوە دیاریکەرە بریندار کردنی راشکاوانەی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤە.

جیاییخوازیی وەك وەڵام بە حکوومەتێکی مەترسیدار و بەردەوام نادادگەر وەك پرسی ئەمریکا لە جیابوونەوەی لە وڵاتی دایك واتا بریتانیا بە دڵنیاییەوە مافێکی رەوایە. هەر ئەو پرسە لە زۆر بوار دا بۆ نەتەوەکانی دیکەش راست دەردەچێ، واتا جیاییخوازیی وەك وڵامێك بە حکوومەتی بێگانە و کۆلۆنیالیست. دیارە دیاریکردنی سنوور لێرەدا کێشەیە، واتا تا چەند دەتوانین بگەڕێینەوەی سەر رابردووی وڵاتێك، چونکی دەتوانین بڵێین لە هەر ناوچەیەك رابردووی وڵاتان پێکەوەڵکان و کۆلۆنی بوونی تێدا بووە.

چونکی دیاری کردنی سنوور کێشەیە، مافی جیابوونەوە تەنیا پێویستی بە پلەیەکی بەرزی توانایی دادوەری و هێزی دیاریکردن نیە، بەڵکو پێویستی بە یاسا و رێسای راست و دروستیش هەیە. دیارە دەبێ ئەوەندە روون و بێپێچ و پەنا بن کە لە هەر بابەتێکی دیاریکراودا کەموکووڕی و سەرەکییەکان بۆ تاوتوێ بن.

لەبارەی تەنگژەی هەنووکەیی قەوقاز هەڵسەنگاندنی خاڵە لاوازەو بەهێزەکانی ئەوەندەش دژوار نین.

**لەبەر ئەوەی کە مافی دیاری کردنی چارەنووس پەرەی پێدراوە تەنیا واتای داکۆکی کردن لە خۆ دەگرێ و لە راستیدا خۆڕاگرییە لە بەرانبەر دەرەوە و بەرگری کردن لەخۆ**

تەنانەت ئەگەر سەرۆك وەزیرانی گورجستان لەو رووداوانەی ئەم دواییانەشدا تاوانبار نەبێ، ئەیالەتە پەیمانشکێنەکانی ئەبخازیاو ئوستیای باشوور ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە شێوازە ئاشتیخوازەکانیان سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان تاقی کردۆتەوە. ئەگەر رووسیەش بەراستی خەمی مافی کەمایەتییەکان دەخوا دەبێ لەبەر کێشەی نەتەوەیی کەمایەتییەکان نێوخۆشی بێ رێگەی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری کێشەی گورجستان خۆش بکا.

# باکووری کوردستان و سێ کوچکەی خەبات

حەسەن شێخانی

پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) لە ساڵی ۱۹۸٤وە خەباتی چەکداری دەست پێ دەکا. هەم لە بەر هۆکاری ئایدۆلۆژیك و هەمیش لە بەر ئەوەی دەرەتانی هیچ چەشنە چالاکیی سیاسی و مەدەنی نەبوو شەڕ وەکو تاکە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ دەستنیشان کرا. تا ساڵی ۱۹۹۸ چەمکی شەڕ لە چوارچێوەی شێوەی خەباتێکی ستراتژیك دا پێڕەو کرا. (pkk) بە تایبەت لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیونی پووچەڵ کردەوە و شۆرشێکی ژیانەوەی لە باکووری کوردستان چێ کرد. ئەم شۆرشە تا سەرەتای نەوەدەکان ئەنجامگیر دەبێت کە یەکەم دەرکەوتی ئەم دیاردەیە، خۆپیشاندان و سەرهەڵدانی دەیان هەزار نەفەری ساڵەکانی ۹۲ و ۹۳ ی خەڵکی باکووری کوردستانە کە تێیدا داوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان دەکرد. بەم شێوەیە گەلی کورد لەو پارچەیە کە پێشتر خۆی ئینکار دەکرد سیاسەتی تواندنەوەی خۆی پێك دەهێنا دەبێتە خودانی هەڵوێست و لە ئیرادە و ئازادی خۆی بە خاوەن دەردەکەوێ.

دوای گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجالان (۱۹۹۹) چەمکی شەڕ سەر لەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. ئەمجارە خەباتی جەماوەری ڕۆڵی ستراتژیك دەبینێ و شەڕ لە چوارچێوەی پاراستنی ڕەوا دا دەبێتە تاکتیك و بەهێزکەری خەباتی مەدەنی. سەرنجراکێش ئەوەیە ناوی هێزی گەریلاش بە گوێرەی ئەم ئەرك و پێناسە نوێیە لە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی کوردستان (RGK)وە بۆ هێزی پاراستنی گەل (HPG) دەگۆڕدرێ. لە ساڵی ۲۰۰٤وە شەڕ بە پێناسەی نوێوە پراکتیزە دەکرێ و تا هەنووکەش بەردەوامە.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لە نێو PKKدا کەسانێك هەبوون کە پێیان وابوو شەڕ ڕەسالەتی خۆی (بە سەرەنجام گەیاندنی شۆڕشی ڤەژین) ئەنجام داوە و لەمەو بەدوا دەبێ شەڕی چەکداری بە لاوە بنرێ و بە شێوازی سیاسی و دیپلۆماتیك خەبات بکرێ. ئەو کەسانە کە ناودارترینیان عوسمان ئۆجەلان بوو بەناوی ڕیفورمیزە کردنی PKKوە پێشنیاریان کرد هێزی گەریلا لە شاخ بێتە خوارەوە و لە کەمپەکان جێگر بێ و ئیتر پێویست ناکا هێزی گەریلا بۆ ئەنجام دانی چالاکی دەربازی باکوور بێ.

لە لایەکی دیکەوە بەبێ لە بەر چاوگرتنی جوغرافیای خەبات، داوای کۆتایی هێنان بە ژیانی فیدایی و ئازاد بوونی ژیانی هاوبەشیان دەکرد.

پڕ ئاشکرایە کە بەشێکی هەرە زۆری هێزی PKK لە جێگیر بوونی هێزی گەریلا لە شاخەکانی کوردستان دا سەرچاوە دەگرێ کە بە ئاوایەکی کۆنفیدراڵ خۆیان بەڕێوە دەبەن. بێ گومان پراکتیزە بوونی پێشنیاری ریفۆرمیستانی نێو PKK، ئەو پارتەی لە هێزێکی گەورە دادەماڵێ و توانای جوڵە و مانۆر دانی لێ دەسەندەوە و تووشی ژیانێکی کەمپ نشینی و پەنابەرێتیی دەکرد، بەم شێوەیە تواناکاری و پرێستیژیان دەهاتە خوارێ و نە دۆست و نە دوژمن حیسابێکی ئەوتۆی لەسەر نەدەکردن. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر ژیانی فیدایی کۆتایی هاتبا و ژیانی هاوبەش ئازاد کرابا، PKK قەت نەیدەتوانی لە شاخ بەرخۆدان بکا و بمێنێتەوە.

عوسمان ئۆجەلان و هاوڕێیانی نەیانتوانی ئەو ڕیفۆرمانە لە نێو PKKدا جێبەجێ بکەن. سەرەنجام بە دەستپێکردنی شەڕی ڕەوا لە ۲۰۰٤ لە PKKجیا بوونەوە و پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی کوردستانیان پێك هێنا کە دوای ماوەیەکی کورت ئەم پارتە لێك هەڵوەشا. بەم شێوەیە عوسمان و هاوڕێیانی پرش وبڵاو بوون و کاریگەرییەکان لە سەر بزاڤی باکوور نەماوە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە گەلۆ پێویست دەکا تەنانەت لە چوارچێوەی بەرتەسك و تاکتیکیش دا لە شەڕ کەڵك وەربگیردرێ؟ ئایا هەر وەکوو عوسمان و هەڤاڵانی باسیان دەکرد بە تەنیا خەباتی مەدەنی تێری چارەسەری دۆزی کورد دەکا؟ ڕاوەستاندنی شەڕ چ کاریگەرییەك لە سەر دۆزی کورد و خەباتە ڕەواکەی بە جێدەهێڵێ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دوو قۆناغی زەمەنی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن: (۱) قۆناغێك کە شەڕ ڕادەوەستێ و لە ۹۸وە تا ۲۰۰٤ دەخایەنێ. (۲) قوناغی دووهەم بە دەستپێکردنەوەی شەڕی ڕەوا لە ۲۰۰٤وە دەست پێدەکا و تا هەنووکەش بەردەوامە.

۱ــ لە ساڵی ۹۸وە PKK بۆ جاری سێهەم لە مێژووی خۆیدا ئاگر بەسێکی یەکلایەنەی واتادار ڕادەگەیەنێ. هێزی گەریلا بۆ دەرەوەی سنوورەکانی باکوور پاشەکشێ دەکەن. چەندین گرووپی گەریلا بە نیشانەی ئاشتی لە سەر داوای ئۆجەلان لە ئیمراڵی خۆیان تەحویلی تورکیە دەدەنەوە. ئایا ئەم هەڵوێستەی PKK دەبێتە هۆی ئەوە کە تورکیە دان بە دۆزی کورددا بنێ و تەنانەت لەگەڵ هێزو لایەنەکانی ناوخۆی باکووری کوردستانیش کە بە شێوازی سڤیل خەبات دەکەن، لە سەر مێزی وتووێژ دانیشێ و بۆ چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد هەنگاو بنێ؟ ئایا لەو ماوەیەدا خەباتی کوردانی باکوور گەشەی سەند و بەرەوپێش چوو؟ یان بە پێچەوانە تووشی چەشنێك لاوازی و خاموشی هات؟ ڕاوەستاندنی شەڕ چ دەسکەوتێکی بۆ کورد لێ کەوتەوە؟ ئایا لاچوونی قەدەغە لە سەر زمانی کوردی و هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدام ئاکامی شەڕ ڕاوەستاندن بوو یان هۆکاری تری هەبوو؟...

به هەڵسەنگاندنی ماوەی نێوان ۹۸ تا ۲۰۰٤ بۆمان دەردەکەوێ کە تورکیە نە تەنیا دانی بە دۆزی کورددا نەنا و حازرێتیی خۆی بۆ دانیشتن لەگەڵ لایەنە کوردەکان نیشان نەدا بەڵکوو درێژەی بە سیاسەتی ئینکار و لە نێو بردن دا، وەڵامی پۆزەتیڤی ئاگربەسی یەکلایەنەی pkkی نەدایەوە و لەسەر درێژەدان بە شەڕ لە دژی کورد پێدا گری کرد.خەباتی کورد نە تەنیا پەرەی نەسەند بەڵکوو تووشی چەشنێك لاوازی و پووکانەوە هات. ژمارەی کەمی خۆپیشاندانەکانی ئەو ماوەیە و ڕێژەی کەمی بەشدار بووان سەلمێنەری ڕاستیی سەرەوەیە.





تورکیە ساڵانێکی زۆرە لە بەردەم دەروازەکانی یەکیەتیی ئوروپادا چاوەڕوانە و دیەوێ بچێتە ناو ئەو یەکیەتییەوە، بۆ ئەو مەبەسنە و لە پێناو جێبەجێ کردنی پێوانەکانی یەکیەتیی ئورووپا یان بە دەربڕینێکی دیکە لە ژێر زەختی ئەو یەکیەتییەدا سزای لەسێدارەدانی هەڵوەشاندەوە. لە لایەکی دیکە تورکیە تا هەنووکەش ترسێکی گەورەی لە ڕیاکسیۆنی توندی کوردان لە ئەگەری لە سێدارەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەیە، هەر بۆیەش هەوڵ دەدا لە جیاتی کوشتنی ڕاستەوخۆ و یەکجارەکی، بە شێوەی پلە بە پلە و درێژ خایەن لە نێوی بەرێ.

لاچوونی قەدەغە لە سەر زمانی کوردی و کرانەوەی هێندێك کۆرسی تایبەتی فێربوونی زمانی زگماکی، ئاکامی یەکێکیتر لە هەوڵە نەزۆکەکانی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا و لەوەش گرینگتر دەرەنجامی خەباتی سەخت و خوێناویی چەندین ساڵەی کوردی باکوور بوو کە تورکیەی ناچار کرد ئەو هەنگاوە سەرەتاییە هەڵێنێ، نە ئاکامی ئاگر بەسی یەکلایانەی PKK وەك هێندێك کەس و لایەن باسی دەکەن.

۲ــ هەر وەك ئاماژە کرا ساڵی ۲۰۰٤ خەباتی چەکداری بە پێناسەیەکی نوێ و بە مێتۆدێکی کۆنترۆڵکراو سەر لە نوێ دەست پێ دەکاتەوە. بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم قۆناغە، هەروەها بەراورد کردنی ئەم چوار ساڵە لەگەڵ قۆناغی پێش ۲۰۰٤، بۆمان دەردەکەوێ کە خەباتی کورد بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرەو پێش چووە و بۆتە ڕۆژەڤی پارلەمان، حکومەت و ڕۆژنامەکانی تورکیە و تا ڕادەیەك ناوچە و جیهانیش. خۆپیشاندانەکان ساڵ لە دوای ساڵ پەرە دەستێنن و ڕێژەی بەشداریی خەڵك زیاتر دەبێ. بە شێوەیەکی بەردەوام میتینگ و ڕێپێوانەکان ڕێك دەخرێن و پێك دێن بە ڕادەیەك کە ڕۆژ نیە ئێمە شاهیدی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی باکووری کوردستان نەبین. هەر ڕۆژە شێوازی نوێ خەبات دێتە ئاراوە. بە چەشنێك کە بۆتە خەباتێکی فرە ڕەهەند و فرە لایەن، لەوانە: ماشێن سووتاندن، بەڕێوە چوونی چالاکیی چەکداری و تەقاندنەوە لە لایەن ڕێکخستنە نهێنییەکانی pkkوە، پەلکێشانی خۆپیشاندانەکان بۆ گوندەکان، ئاڵۆز کردنی مێترۆپۆڵەکانی تورکیە، پێشکەش کردنی پرۆژەی چارەسەری بە پارلمان لە لایەن DTPوە و لە هەمووان گرینگتر چالاکیی نافەرمانی مەدەنی "دانیشتن و نەچوونە سەر کار" کە تێیدا چەندین هەزار کەس، شارەداران و پارلمانتارانی DTP بەشدار بوون. پێدەچێ ئەمە سەرەتای نافەرمانیی مەدەنی بەربڵاوتر لە داهاتوودا بێ و چاوەڕوان دەکرێ ڕێژیمی تورکیە بە چۆکدا بێنێ.

داخستنی یەك لە دوای یەکی چوار پارتی سیاسیی کوردی لە تورکیە و مەترسیی داخستنی DTP لە داهاتوودا ئاماژەیە بۆ عەقلیەتی میلیتاریی تورکیە و بێ نرخیی دانوستان لەو وڵاتەدا و لە لایەکیتریش لە ئەگەری نەمانی چالاکیی هێزی گەریلا، تورکیە بە ئاوایەکی ئاسانتر سەرکوتی بزووتنەوەی جەماوەری دەکا چونکە ئەوکات هیچ هێزێکی دژبەری جدّی لە هەمبەر خۆی نابینێ. هێرشەکانی ئەم دوابیەی PKK جارێکیتر دۆڕانی هێزی سەربازیی بەرانبەر بزووتنەوەی کورد دەرخست، نەك هەر وزە بەخشێك بوو بۆ DTP و فشارێکیتر بوو بۆ حکومەت و ناسیۆنالیستانی تورك، بۆ گەڕان بە دوای ئاڵترناتیڤ دا، بەڵکوو بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ تورکیە زیاتر کرد.

ئەگەر هێزی گریلا لە شاخ بوونی نەبایە تورکیە ئەوەندی ئێستاش دەرەتانی پێگرتن و گەشەکردنی بە حکوومەتی هەرێم نەدەدا و بە دەستێکی ئاوەڵاتر بۆ لەباربردنی ڕەوشی باشووری کوردستان هەنگاوی دەنا. دەستکەوتەکانی باشوور کاتێك گەرەنتی دەبن کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پارچەکانیتر لەوپەڕی هێز دابن. بە پێی لێکدانەوە و بەراورد کردنەکانی سەرەوە، بۆمان دەرکەوت کە پێڕەو نەکردنی خەباتی چەکداری چەندە زیان بە دۆزی نەتەوەیی کورد دەگەیەنن، تووشی نووشووستی دەکا و لە ڕۆژەڤی دەخا. بە پێچەوانە کەڵك وەرگرتن لەو شیوە خەباتە دەبێتە هۆی بە گوڕوگڕتر بوونی خەباتی مەدەنی بە تایبەتی و بەرەو پێش چوونی دۆزی کورد بە گشتی.

بێجگە لە دوو کوچکەی خەباتی شارو شاخ یان خەباتی چەکداری و جەماوەری، کوچکەی سێیەمیش کە ڕێکخستن و خۆپێشاندانەکانی کوردانی وڵاتپارێزی دیاسپۆڕایە سیۆ لە ئاستێکی بەربڵاو دا لە ئارا دایە کە هەم ڕۆڵی پاڵپشتی مادی و مەعنەویی شارو شاخ دەبینێ و هەم لە ناساندنی دۆزی کورد بە ڕای گشتی و ئورووپا و سەلماندنی ڕەوا بوونی مەسەلەکەیان بە کار بەدەستانی ئورووپایی ڕۆڵێکی حاشا هەڵنەگری هەیە. ئەو سێ کوچکەیەی خەبات بە ئاوایەکی هارمۆنیك، هاوتەریب و بە ڕێکخستن کراو بەڕێوەدەچن و دەبنە وزەبەخش و کاتالیزۆری یەکتر. بە دەیان جار ناشتنی تەرمی گریلاکان بۆتە خۆپێشاندانی بەرفراوانی جەماوەری کە هەر جارەی دەوڵەتی تورکیەی تووشی دڵەڕاوکێ و ترسێکی مەزن کردوە و پایەکانی ستەم و چەوسانەوەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرەیان لەرزاندوە. هەموو ئەو شیکاریانەی کە پێشکەش کران لە چوارچێوەی فاکتەری نێوخۆیی دا جێدەگرن. باکووری کوردستان لەم ڕووەوە بە پشت بەستن بە خۆی تواناکارییەکی زۆری خولقاندوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە گەشەسەندن دایە. بۆ ئەوەی ئەم خەباتە تووشی ئاستەنگی نەبێت پێویستە ڕێکخەر و ئۆرگانیزێری سەرەکیی ئەو خەباتە کە (pkk)یە ئەو لاوازیانەی خوارەوە ببینن و بۆ چارە سەر کردنیان هەوڵی جیدی بدەن: (۱) داخوازیەکان بە شێوەیەکی شەفاف، پلان مەند و خاوەن چوارچێوەیەکی روونی یاسایی و یەکانگیر نایەنە ئاراوە و چەشنێك پرش و بڵاویی سیاسی بەرچاو دەکەوێ. هەر جارەی خواستەکان بە فۆرمۆڵێك دێنە ئارا. هەرجارەی یەکێك لە چەمکەکانی کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیك، فیدرالیزمی پارێزگاکان و ئۆتۆنۆمیی دێموکراتیك دەبنە دەربڕی خواستەکان. بەردەوامیی ئەم دۆخە خەباتی کوردانی باکوور زەرەمەند و تووشی چەشنێك سەرلێشێواوی دەکا. (۲) لەو جموجۆڵ و چالاکیانەدا لانی کەمی داخوازییەکانی کورد دێنە ئارا بەرادەیەك زۆربەی ئەو فۆرمۆلانە تێری چارەسەری دۆزی کورد ناکەن. بۆیە پێویستە فۆمۆلێکی چارەسەری بەرز بکرێتەوە کە ئاستێکی بەرزتر و ڕادەیەکی زۆرتر لە مافەکانی نەتەوەیی دابین بکا.

بێگومان لە سەرکەوتنی هەر شۆڕشێك فاکتەری ناوچەیی و جیهانیش بەشدارن کە بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو فاکتەرانە لە بەرژەوەندی کوردی باکووردا نین. تەنانەت ڕاگەیەنە گشتییە ناوچەیی و جیهانییەکانیش لە ژێر باندۆری ناوەندکانی دەسەڵات و سەرمایە کە پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ تورکیەدا هەیە بە دەگمەن دەنگ و باس و ڕووداوەکانی کوردستانیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەگەر خەباتی باکووری کوردستان بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تێبینیانەی سەرەوە بەردەوام بێ و لە ڕووی نێونەتەوەیشەوە دەرگایەك بە ڕوویان دا بکرێتەوە دوور نیە لە چەند ساڵی داهاتوودا کوردی ئەو پارچەیە بە ئاستێکی شیاو لە خواستەکانی بگا. ئەڵبەتە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە بەردەوام بوونی چالاکیی جەماوەری و لە ئاستێکی بەرتەسکیش دا خەباتی شاخ، لەسەر کرانەوەی ئەو دەرگا نێونەتەوەییە کە باسی لێوە کرا بێ کاریگەر نابێ.

**ئەگەر هێزی گریلا لە شاخ بوونی نەبایە تورکیە ئەوەندی ئێستاش دەرەتانی پێگرتن و گەشەکردنی بە حکوومەتی هەرێم نەدەدا و بە دەستێکی ئاوەڵاتر بۆ لەباربردنی ڕەوشی باشووری کوردستان هەنگاوی دەنا**

## پانۆراما

### ۱۳ وڵات کونسولگەرییان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە

فەلاح مستەفا، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێك دا بۆ ڕادیۆ نەوا ڕایگەیاند تا ئێستا ۱۳ وڵات نوێنەرایەتی خۆیان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە. ناوبراو لە درێژەدا وتی چەندین وڵاتی دیکە بە تەمان لە داهاتوودا کونسولگەری لە هەولێر بکەنەوەو دوو وڵاتی دانمارك و یونانیش کاروباری کردنەوەی کونسولگەرییەکانیان لە قۆناغی کۆتایی دایە.

### حەوتووی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی لە باشووری کوردستان دەستی پێکرد

ڕۆژی چوارشەممە، ۱۹ی نوامبر بە سەرپەرستی نێچیرڤان بارزانی، حەوتووی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد.

لە ماوەی ئەو حەوتوویەدا هەڵمەتێکی بەربڵاو بۆ وریا کردنەوەو ڕۆشنبیر کردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە شێوەی بەڕێوەچوونی کۆڕو سمینار، ۆرك شۆپ، نیشاندانی فیلم و ... لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان بەڕێوە دەچێ.

### کۆمپانیا تورکییەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان قسەکردنیان بە زمانی کوردی قەدەغە کردووە

چەند کۆمپانیای تورکیە کە بە گرێبەستی ڕەسمی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەکە لە هەرێمن، قسە کردنیان بە زمانی کوردی لە کرێکارەکانیان قەدەغە کردووە. لەمبارەیەوە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر بڵاوی کردەوە ئەم کۆمپانیایانە یاسای کۆمپانیاکان کە لە پارلمانی کوردستان پەسند کراوە، پێشێل کردووەو سیاسەتی تورکیە بەرامبەر بە کورد لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکەن.

# راگەیاندنی مۆدێرن لە حیزب یان ڕێکخراودا

ڕەسووڵ سێلەکە

بەشی یەکەم

**لەبەرچی راگەیاندنی مۆدێرن؟**

ئـەم پرسـیارە بـە شـێوەیەکی نەخوازراو ئێمە وەکوو پـەڕێکی " **کـا** " دەخاتـە ژێـر دەریایـەکی شەپۆلاوی و دەبێتە هۆی ئەوەیکە لـــە ڕێگـــای ناســـینی زیـــاتری نێوەرۆکی ڕاستەقینەی راگەیاندن ساتێك بیرکردنەوەو وردبوونـەوەی لە سەر بکەین.

لەوانەیـە باشـتر لـە رابـردوو بتـوانین پرسـەکان لــە مــەڕ راگەیانـدن بێنینـە ئـاراوە و بـە تێگەیـشتنێکی تـەواوترەوە هـەنگاوی گـەورەتر لـە ڕێگـای بەرزبوونـەوەی راگەیانـدن هەڵبێنینـەوە و بـە شـێوەیەکی روونـتر بـە وڵامـی ئـەم پرسـیارە بگـەین و راگەیانـدنی ڕێکخراوەکـەمان بـە پێـوەرە زانـستیـیەکانی راگەیاندنـەکانی ئەمڕۆ هەڵ دەسەنگێنێ.

ناچارین ئاماژەیەکی سەرەتایی بە جۆرەکانی راگەیاندن بکەین.

١ـ راگەیاندنی کۆن(کلاسیك) ٢ـ راگەیانـدنی تـەکنیکی(تێکنیـك گـەرا)٣ــ راگەیانـدنی حیزبـی ٤ــ راگەیاندنی نوێ(مۆدێرن)

**راگەیاندنی کۆن(کلاسیك)**

ئەگەرچـی هەنـدێك بیرمەنـدی گۆڕەپـانی راگەیانـدن پێـشینەی هاتنـە کایـەی راگەیانـدن دەگەڕێننەوە بۆ ٤٠٠ ساڵ بەر لە زایـین و لـە بیرۆکـەی کەسـێك بـە نـاوی گۆرگیـاس، بـەڵام پێـشینەی راگەیانـدن بـە واتـا و چـەمکی ئـەمڕۆیی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٠٦ی زایینـی کـە لـەو کاتـدا کەسـێك بـە نـاوی (i.v.lee) یەکـەمین یەکـەی راگەیانـدنی لـە ئەمریکا بنیات نا. لە ڕاستیدا ئەمە مێژووی دەسپێکی یەکەمین جۆری راگەیاندنـە واتـە راگەیانـدنی کـۆن یان کلاسیك.

لـەم راگەیاندنـەدا لـە هونـەرو تێکنیکـە سـەرەتاییەکان بـۆ گرێـدانی پەیوەندییـەکان کـەڵك وەردەگـیرێ و بەرپرسـی ئـەم راگەیاندنە تـەنیا بـۆ ڕەزامەنـدیی بەرپرسـانی سـەرووتری خـۆی هـەنگاو دەنـێ و زیـاتر لـە چوارچـێوەی پەیوەندییـە نێوخۆییەکان خول دەخواتـەوە و پەیوەندییەکانی لەگـەڵ دەرەوە زۆر کەمـە. چـالاکییەکانی ئـەم جـۆرە راگەیاندنانـە هۆشـیارانەو بەرنامـە بـۆ دارێـژراو نیـە و بـە شێوەی هەڕەمەکی و کاتی بڕیاری بـۆ دەدرێ و هـەوڵ دەدرێ بەردەنگ (بینەر ـ گوێگر ـ وەرگر) بـە ئاراسـتەی خواسـتەکانی ڕێکخـراودا بـەرن. هـەروەها بەڕێوەبـەری سـەرەکی هـیچ بـە پێویستی نازانێ پەیوەندی لەگـەڵ دەرەوەدا بگرێ.

**تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی کۆن (کلاسیك):**

١ــ لـەم جـۆرە راگەیاندنانـەدا تـەوەری سـەرەکی ڕێکخـراوە نـەك هاووڵاتی.

٢ــ خـستنە رووی بابـەتێك لـە سەر بنەمای بارودۆخی ڕێکخراوە، واتـە هـەر کاتێـك فـەرمانێك درا کارێك ئەنجام دەدرێ ئەگینا هیچ.

٣ــ تـەوەری هەوڵـدان و چالاکییەکان یاساو ڕێسای وشکی ئیـداری و بوروکراسـی و کاغـەز گۆڕینەوەیە.

٤ـ بەردەنگ ڕێکخراوێك تێکڕای خەڵکە نەك کەسانی تایبـەت. هـەر بـەم پێیـەش گەڵاڵـە کردنـی بابەتـەکان شـێوەیەکی گـشتیی هەیە.

٥ــ ئـەم جـۆرە راگەیاندنـە نەگۆڕن و هـەر جـۆرە گۆڕانێـك بـە زەحمەت تێیدا روو دەدا.

٦ـ پێکهاتەی سەرەکیی ئەو لـە سـەر بنـەمای کـەرت و ئـەرك دامەزراوە.

٧ـ پێکهاتەیەکی دەسەڵاتدارو تاك جەمسەری هەیە.

٨ـ گرینگیی تایبـەت بە باری دارایـی دەدرێ و وەك ئـەوەی هـەموو شتێك بە پارە وەدەست بێ.

٩ـ کاری ئەم راگەیاندنانە تـەنیا گەیانـدنی زانیارییـە و بـە دوای کۆکردنەوەی زانیاری دا ناگەڕێ .

١٠ـ هـیچ بنەمایـەکی ئـەخلاقیی تێدا بەدی ناکرێ.

١١ـ لە نێوان بـەردەنگ(بینـەر ـ گـوێگر ـ وەرگـر) و سەرچـاوەدا هاوسـەنگییەکی بـەهێز بـەدی ناکرێ.

١٢ــ زۆر بـە توندی لـە هـەوڵی ڕازی کردنـی بەرپرسـانە تـا بەردەنگ.

١٣ـ بەردەوام لە هـەوڵی دانانی کاریگەرییـە نـەك چـوونە ژێـر کاریگەری.

١٤ــ بـە تونـدی بـە دوای ناوەندگەرایی و کۆجێ کردنەوەیە و پـێ سـپاردنی دەسـەڵات و سەرپـشك کردنـی تێـدا بـەدی ناکرێ.

١٥ــ ڕەوتـی پێوەندییـەکان لـەودا یەکلایەنەیـە، واتـە تـەنیا ڕێکخراو یان ئۆرگان دەتـوانن شت بگەیەنن بە خەڵك و خـەڵك نـاتوانن بیروڕای خۆیان بە ئەوان بگەیەنن.

١٦ـ بیرۆکەی زاڵ بە سـەر ئـەم جـۆرە راگەیاندنانـەدا بیرۆکـەی پێـدانی پەیامـە کـە بەرپرسـانی وادەزانـن بـە پێـدانی پـەیامێك بـە پەیکـەرەی کۆمـەڵگادا دەگەنـە ئامانجەکانی خۆیان و بەم پێیەش خەڵك بـە پاسیڤ چاو لێ دەکـەن کە هیچ هزرو بیرۆکەیـەکیان نیـە و پـەیڕەوی لـە فەرمانـەکانی ئـەوان دەکەن. بە واتایەکی‌تر پەیامـەکان لـەم جـۆرە راگەیاندنانـەدا وەکوو **دەرزی لێدان لـە کۆمەڵگـە**دا وێنـا دەکـرێ کـە دەتوانـێ کاریگـەریی تایبەت بە خۆی لە سەر بـەردەنگ هەبێ. بـەڵام بـێ ئاگـا لـەوەی کە خـەڵك هـەموو جـۆرە دەوایـەك وەرناگرن و بەگشتی ئەم بیرۆکەیـە زیـاتر لـە سـەردەمی شـەڕی دووهەمی جیهانی بـەکار دەهێنـرا. هەرچـەند لـە زۆربـەی وڵاتـانی جیهـانی سێهەمدا لـەم بیرۆکەیـە کەڵك وەردەگیرێ.

**راگەیانـدنی تێکنیکـی یـان تەکنیك گەرا**

هاوکـات لەگـەڵ دەسـتپێکردنی گۆڕانکارییە گرنگەکانی کۆمـەڵگای مرۆڤـی لـە سـەرەتای سـەدەی بیستەمدا، راگەیـەنـەکان وردەوردە لـە نێـو چوارچـێوەی ڕێکخـراوەوە هـەنگاویان بـۆ سـەرووتر هەڵێناوەتـەوە و هاتوونەتـە نێـو دنیـای بەردەنگـەکان. بەرەوپێشـچوونی خێـرای ئامرازەکـانی گـشتیی پێوەنـدی، بـەرفراوان بـوون و پـەرەگرتنی شارنـشینی و خوێنـدەواری، زیـادبوونی کۆمپانیـای تایبـەتی و پـشکدارییەتی، ئـاڵۆزیی چـالاکییە کۆمەڵایەتییـەکان، چـالاکییە بـەربڵاوەکانی سـەندیکا کرێکـاریو سـینفییەکان، بـەکارهێنانی شێوەکانی هاندان و بێ نیاز کردن لـە جێـی زۆرەملـێ، پەرەپێـدانی مـافی دەنگـدان، ویـستی فێمێنیستی و چاوەڕوانی زیـاتر لـە دەوڵەتەکان و سـەرۆك حیزبـەکان، پەرەگرتنی چاپەمەنی و راگەیـەنی ڕەخنـەگرەکان هـەموویان بوونـە هـۆی ئەوەیکـە بەڕێوەبـەرانی ئـەمجۆرە راگەیەنانـە هـەوڵی جیـددی بـدەن بـۆ نیـشاندانی وێنەیـەکی پـۆزەتیڤ لـە ڕێکخراوەکـەیان و بـۆ گەیـشتن بـە مەبەسـتی خۆیـان لـە شـێوازە نوێیـەکانیش کـەڵك وەردەگـرن. بـەڵام لـەم قۆناغەشـدا هێـشتا بەڕێوەبەرانی ئـەمجۆرە راگەیەنانـە بـە کـەڵك وەرگـرتن لـە راگەیەنـە نوێترەکـان بـە تـەواوەتی بـە ئاراسـتەی پاسـاودانی خواسـت و ویـستی سـەرۆکەکانیاندا هـەنگاو هەڵ دێنن، بـە واتایـەکی تـر ڕۆڵـی دەڵاڵ و نێوبژیوان دەگێڕن و تـەنیا جیاوازییـەك کـە لەگـەڵ قۆنـاغی پێـشتر هەیانـە ئەوەیـە کـە هـەوڵ دەدەن بە ئـامرازی پڕوپاگەنـدەیی بۆچوونی کردەوەی ڕێکخراوەکـەی خۆیـان بـسەپێنن و بـە شـێوەی تێکنیکی بە پێی بیرۆکەی **"سکات کاتلیب"** لە ڕۆڵی تێکنێسیەندا کـار بکەن.

# پەیڤ

## ئۆپۆزیسیۆن چۆن سەیری ڕۆژنامەنووسان دەکا؟!

**خالید محەمەدزادە**

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور جارێکی دیکە، ئێرانی بە زینـدانی گـەورەی ڕۆژنامەنووسان وەسف کرد. گومان لەوەدا نیە دنیایەك کێشە لـە بـەردەم کـاری ڕۆژنامـەوانی نـەك هـەر لـە ئێـران، بـەڵکوو لـە وڵاتـانی ناوچـەکەدا هەیـە. ڕەنگـە هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق تـەنیا پانتاییـەکی نـوێ لـە ناوچـەدا بێت بـۆ کـاری ڕۆژنامەوانی. خراپ نیە بزانین پەرلـەمانی کوردسـتان لـە تـازەترین یاسـای کـاری ڕۆژنامەوانیدا جارێك بۆ هەمیشە داخستنی ڕۆژنامـەی هـەڵ وەشـاندەوەو هاوکـات ڕەتی کردەوە کە ڕۆژنامەنووسیش زیندانی بکرێت. ئەمە بڕیارێکی نوێیە بەرامبەر بە کاری ڕۆژنامەوانی لە ناوچەکەدا. هەر چەند لە کاتی نووسینی ئەو یادداشـتەدا بیستمان کە سەرنوسەری هەواڵ لە کەرکوك زیندانی کرا !

لێرەدا دەمەوێت دەستنیشانی خاڵێك لە گرفتی کـاری ڕۆژنامـەوانی لـە وڵاتـی ئێمەدا بکەم کە تا ئێستا نەبینراوە. ڕاسـتە لای ئێمـە حکومـەتـەکان پێـشقەدەم بوون و پێشقەدەمن لە ڕاونانی ڕۆژنامەنووسان و سانسۆڕی چاپەمەنی، ئـەوان تـا ئەم ساتانەش پەرەپێدەری مەیلی پـەلاماردانی ڕۆژنامەنووسـانن و کـەلتوورێکیان لە گەمارۆدانی ڕۆژنامەنووسان نەهادینە کردوە، کە مەحاڵە بەمزووانـە لێـی ڕزگـار بین. بـەڵام دەبێـت ئـەو ڕاسـتییەش ببینرێـت کـە موخالیفـانی حکوومـەت و ئـەو هێزانـەی مەشـرووعییەتی سیاسـیی خۆیـان لـە کـار بـۆ ڕووخـانی حکوومـەت وەردەگـرن، دەسـتەکەمێکیان لـە حکومـەت نیـە بـۆ بـێ حۆرمـەتی کـردن بـە ڕۆژنامەنووسان و بەرتەسك کردنەوەی کاری ڕۆژنامەوانی لە وڵاتدا.

قسەیەکی زیادەمـان نـەکردوە ئەگـەر بڵـێین دیـدی ئۆپۆزسـیون بـە نیـسبەت ڕۆژنامەنووسـان هـەمان دیـدی حکومەتـە. بـە دیـوێکی دیکـەدا ئەمانـە دوژمنـانی داهاتووی راگەیاندنن لەوڵاتـی ئێمەدا. زۆرێك لەم هێزانە ئێستاش مەجالیان هەبێت و مەیداندار بن هەموو دەنگێگی لەوان نەچـوو تـرۆ دەکـەن. ئەگـەر حکومـەت بـۆ ڕەواییدان بە سووکایەتی کردنەکەی بە ڕۆژنامەنووسان پەنا دەباتە بەر کۆمـەڵێك مەشرووعیەتی ئاسمانی و ئایدیۆلۆژیایی، هێزەکـانی ئۆپۆزسـیۆنیش بـە بیـانووی تێکۆشان لە بەرامبەر دەسەڵاتدا هەر دەنگێگی لەوان نەچـوو لـە نوتفـەدا خەفـە دەکەن و بە پیلانی دەبینن. لەم ناوەدا ڕۆژنامەنووسانی ئازادو ڕەخنەگر زۆرترین سووکایەتییان پێ دەکرێت. گرفتی گەورەی ڕۆژنامەنووسانی ئێمە ئەوەیە کـە لـە وڵاتێکدا کار دەکـەن نـەك هـەر حکومـەت هـەڵگری بنەمایـەکی دێموکراتیـك نیـە، بەڵکوو هێزەکانی ئۆپوزیسیۆن لـە بەرامبـەر ڕۆژنامەنووسـان ڕوویـەکی ناشـیرینی حکومەت بازی دەکەن. ئەم هێزانە کە تـا سـەر ئێسقان لـە سـەر کـەلتووری دژە دیموکراسی پەروەردە کراون، کارنامەیەکی ناشـیرینی نـەبینراویان لـە سانـسۆڕی چاپـەمەنیدا هەیە.

زۆرێك لەم هێزانە کە ئێستا لـە ئۆردوگاکانـدا دەژیـن و نەغمـەی ئـازادی سـەر هـەڵ دەدەن بۆیـان هـەڵ کـەوێت هـەموو ئازادییـە کۆمەڵایەتییـەکان بەرتەسـك دەکەنەوە. کوردایەتی! و خەبات بۆ کوردایەتی! بیانویەکی باشـە بـۆ سـەرکوتی ڕۆژنامەنووسـان لای ئـەم ئازیزانـە. زۆرێـك لـە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزسـیۆن کـە ڕۆژانە لە سەر هەڵوەشانەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن خۆیـان فۆرمـات دەکەنـەوە هەر ڕەخنەیەك و بڵاوبوونەوەی هەر هەواڵێك بە دوژمنی نەتەوەو حیـزب تەفـسیر دەکـەن. بـە بـڕوای مـن گرفتـی داهـاتووی کـاری ڕۆژنامەنووسـان لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەم هێزانەیە کە ئێستا گۆرانی بۆ ئازادی دەڵێن. ڕاستە گۆڕانی حکومەت، گۆڕانێکی هەمەچەشن لە وڵات پێك دێنێت، بەڵام شەڕ لە پێناو ئازادیی ڕۆژنامەوانی لاپەرەیەکی نوێ دەبێت لەگەڵ ئەو هێزانـە. ئـەم شـەڕەش لـە مێـژە دەسـتی پـێ کـردوە. ئـەزموونی باشـووری کوردسـتان پێمـان دەڵـێ کێـشەی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی کێشەیەکی جیدی دەبێت.

ڕەنگە لێرەدا قسە کردن لە سەر پەیوەنـدیی ڕۆژنامەنووسـان و حکومـەت لـە درێژدادڕییەك شتێك زیاتر نەبێت، چونکە حکومەت لای ئێمە لە بنەڕەتدا بـاوەڕی بـە فرەدەنگـی نیـە، بـەڵام خۆحەشـاردانی ئۆپۆزیـسیۆن لـە ژێـر چـەمگەلی وەك دیوکراسی و ئازادی و... ئەوان ڕووبەڕووی بەرپرسیارەتیی گەورە دەکاتـەوە کـە دەبێت جێبەجێی بکەن. تۆ ناکرێت خۆت وەك هێزێکی ڕزگاریخواز پێناسە بکـەی بەڵام هاوکـات هـەر دەنگێگـی لەتۆنەچوو بـە دوژمنـی خـوت بشوبهێنی. گرفتـی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن لای ئێمە ئەوەیـە کـە مەشـرووعیەتی خـۆی لـە نـا وتـن بـە دەسـەڵات وەردەگرێـت و ئەمـەش دەکاتـە پێناسـێك بـۆ ڕزگـاریخوازبوون و دێموکراتبوونی خوێ. بەڵام ئەمە هەڵەی گەورەی ئەم هێزانەیەو لـە هـەمان کاتـدا خاڵیکردنـەوەی دێموکراسـییە لـە بـەها ئینـسانییەکان. ئەگـەر هێزەکـانی ئۆپۆزیسیۆن پەرەپێدەری دێموکراسی لە وڵات نەبن، دەبێت ئەو چاوەڕوانییەمان لـە کـێ بێـت؟ ئـەرکی ئۆپۆزیـسیۆن لێـرەدا کـورت ناکرێتـەوە سـەر ڕووخـانی دەسەڵات، بەڵکوو بڵاوکردنەوەی کولتووری دێموکراسی و پێشکەشکردنی دەیـان نموونەی مەدەنی لە خۆیان بە بەشێك لە کاری ئەم هێزانە بەحیساب دێت.

ئێمە چـەندە پێویـستمان بـەهێزی ڕزگـاریخوازە، ئەوەنـدەش پێویـستمان بـە هێزی دێموکراتیکە. ئۆپۆزیسیۆن لای ئێمـە نـادێموکراتیکن و لـە سـەر سـاختاری ئیسلامی و مارکسیستی دامەزراون. دابڕانەکانی نێو ئـەم هێزانـەش تـا ئێـستا لـە ڕاستای دابینکردنی کەلتوری دیموکراسی هەنگاوی هەڵ نەهێناوەتەوە. واتـە ئـەو دابڕانانـەش نـەیتوانیوە نموونەیـەکی هێزێکـی دیموکراتمـان پێـشکەش بکـات. تـا هێـزی نـادێموکرات و ناسروشـتی لـە کۆمەڵگـەدا زیـاتر لـە دایـك بـن، دۆژمنـانی ڕۆژنامەوانی زیاتر پەرە دەسێنن. بە تەعبیرێکی دیکە زیـادبوونی حیزبـەکان بـەو شـێوازە نادێموکراتیـك و ناسروشـتییە. زیـان بـە ئازادییـە کۆمەڵایەتییـەکان دەگەیـەنێت، کـە ڕۆژنامەنووسـان تێیـدا زەرەرمەنـدی یەکـەمن. ماوەتـەوە بڵـێم ڕۆژنامەنووسـانی لای ئێمـە ڕێگەیـەکی دوورودرێـژیان لـە بـەردەم دایـەو خـاڵی هاوبەش لە سووکایەتی و دژایەتیکردنی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتی ئێمەدا دەبینرێت بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسان. هەر دووکیان تا ئێـستا ئیـسباتیان کـردوە کە دوو ڕووی دراوێکن بەرامبـەر بـە کـاری ڕۆژنامەنووسـان. بـەڵام هـەموو ئەمانـە دەبێت زیاتر پەرە بە کاری ڕۆژنامەوانیی ئـازاد لای ئێمـە بـدات و ڕۆژنامەنووسـان باوەڕمەندتر بە کاری خۆیان درێژە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری بدەن.

# پرسی کوردو تەڤگەری دیاریکردنی چارەنووس

جەلال حاجی زادە

بەشی یەکەم

**بەرایی:**

چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووس ( right of self – Determination) لە چوارچێوەی مافی نێونەتەوەییدا دەستەواژەیەکی نادیار و تەمومژاوییە، تاوتوێکردن لەو بارەوە ئێمە دەباتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو پاڕادایمە لە ناوەرۆکی خۆیدا ئاراستەیەکی روونی نیەو لە لایەکەوە دەوڵەت ـ نەتەوەکان وەك مافی سەروەریی (sovereignty) سیاسی بە چەشنی شمشێری داموکێلس بۆ پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمانیی خۆیان دەکاری دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە کەمایەتییە ئەتنیکییەکان بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان لە ژێر تەوەری جیاجیا وەکوو خودموختاری، فیدراڵیسمو سەربەخۆیی بانگەشەی بۆ دەکەن. دیارە ئەم چەمکە و کاریگەرییەکانی لە پرۆسەی بزووتنەوەی کوردیش رۆڵی خۆی بینیوەو شێوەی تێگەیشتنی تاکی هەڵکەوتەی کوردو ستراتیژیی بزاڤی کورد لە قاپۆڕی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکاندا ئەوە بۆ ئێمە تاپۆ دەکات. بەڵام ئاخۆ خوێندنەوەی کورد لەم وشەیە تا چ رادەیەك بینین‌و لێکدانەوەیەکی هاوبەش‌و تۆکمە بووە؟ یاخود شێوەی هەڵسەنگاندنی کورد لە ژێر کاریگەریی چەشنی ئایدیۆلۆژیی مارکسیست ـ لینینیستی چەپ یاخود راست‌و لیبراڵی بووە؟ و ئەوەش تا چ رادەیەك لە پێشڤەچوونی جوڵانەوەی کورد وەك فاکتۆرێکی ئەرێنی یاخود نەرێنی شوێندانەری هەبووە؟

لەم رووەوە لەو بابەتەدا هەوڵ دەدرێ زۆر بە کورتی ئاورێك بدرێتەوە سەر ئەو پرسیارانەو لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی کورد لەو دەستەواژەیەو زایەڵەکانی لە مەڕ بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد لە بەدوادا چوونێکی تیۆریك‌و رەخنەگرانەدا بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.

**پێشەکی:**

مافی دیاریکردنی چارەنووس وەك مافێکی سەرەتایی لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا دانی پێدا نراوەو لە دوو روانگەی چەپو راستەوە دەکرێ لێی بڕوانرێت، ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە تێڕوانینی کەمایەتیی کوردو هەوێنی بزووتنەوەی کوردی پتر روانینێکی چەپو مارکسیستی بووەو ئەوەش هەتاکوو ئێستا لە گوتاری سیاسی‌و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا شوێن پەنجەیەکی دیاری هەیە. بیرۆکەی چەپ پتر لەوەی کە لە هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەو مافەدا بێت لە هەوڵی دانان بە بوونی ئەو مافە دایەو لە ئاقاری بە ژێری خۆی دەدۆزێتەوە. ئەزموونی مێژوویی ئەوە بۆ ئێمە دەردەخات کە مارکسیسم ـ لینینیسم وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە بیردۆزی خۆی چاوی لێ دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە روانینی لیبڕاڵیش زیادە لەوەی کە لە روانگەی ئەو مافەوە سەیری کێشەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بکات، زیاتر داکۆکی لە مافی تەواییەتی سەرزەوینیی دەوڵەت ـ نەتەوەکان رەچاو دەکات، لە هەمان کاتیشدا مافی نەتەوە کەمایەتییەکان بە باری زۆریەوە لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ لە قەوارەی دەوڵەتێکی یاساییدا بە فەرمی دەناسێت‌و نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێیەکی بەرچاویشی لە زیادبوونی دەوڵەتی نوێ‌و داپچڕانی کەمایەتییەکان (لە کیانی پێشووی دەوڵەتەکان) هەیە. با ئەوەش هەمووی ئەو کەندو کۆسپانە لە بایەخی ئەو مافە سەرەکییە بە تایبەتی بۆ کورد کەم ناکاتەوە. پێشەوا قازی محەمەد لە وتارەکەیدا دەڵێ:" کوردەکان خەڵکانێکی بێ‌ـپەنان، وڵاتەکەیان داگیرو دابەش کراوەو لە سەرەتاییترین ماف کە بریتییە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێبەشن..." (فیروزی، ١٣٨٤: ٢١)) ئۆجەلانیش بەو جۆرە ناتوانێ گەل لەو مافە بێبەش بکات‌و دەنووسێ:" هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ پێکهێنانی دەوڵەت بە واتای دامەزراندنی پێکهاتەیەکی کۆیلەتییە، بەڵام ئەز لەگەڵ چێ بوونی دەوڵەتێکی بورژوای کوردی دژایەتیم نیە". (ئۆجەلان، ٢٠٠٦: ٢٨) بەو پێودانگەش قاسملوو لەو بارەوە دەبێژێ:" تا ئێستاش‌و لە داهاتووشدا مەسەلەی هەرە گرینگ بۆ گەلی کورد ئەوەیە کە بتوانێ بە دەستی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا:" (قاسملوو، ٢٠٠٦: ٣١٨).

چوارچێوەی تیۆریکی تەڤگەری دیاریکردنی چارەنووس بە یەکێك لە برگە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ (human the rights) دێتە ئەژمار کە بۆ یەکەم جار لە ژێر سەردێڕی دەقی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە "١٠ی دێسامبری ١٩٤٨ لە لایەن ئەنجومەنی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا". (ئاشووری، ١٣٨٠: ١٣٣)

بنەمای ئەو جاڕنامەیە هەمان راگەیەندراوی مافی مرۆڤە کە لە بەرایی یاسای بنەڕەتی ١٧٩١ی فەرەنسا بە روونی سەقامگیر کراوە. (هەمان، ١٣٣) لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی خاڵی ٢ی برگەی یەکەمی ئەم بلاڤۆکە، ئەسڵی یەکسانیی "مافی نەتەوەکان‌و مافیان لە دیاریکردنی چارەنووس". (مقدمە، کوچرا. ٢٠٠٠: ١٠٩) بە فەرمی ناسراوە، ئەو برگەیە بەم جۆرە تۆمار کراوە: " پەرەسەندنی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان نەتەوەکان لە سەر بناغەی رێزدانان بە یەکسانی مافەکانی خەڵك‌و مافیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووس...". (امیدی، ١٣٨٥: ٦) لەو رەهەندەوە گرێبەستی ١٥١٤ی مەجمەعی گشتی لە ژێر ناوی "بلاڤۆکی سەربەخۆیی پێدان بە میللەتەکان‌و وڵاتەکانی کۆلۆنی "وەك شرۆڤەو پێناسەیەکی یاسایی پرەنسیپی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان لە چوارچێوەی مافی نێونەتەوەیی شایانی باس‌و جێگەی پشت پێ بەستنە. (هەمان، ٦).

بە گشتی دەکرێ دوو تێڕوانینی دەگمەن، واتا شرۆڤەی بەرفراوان (موسع) و شرۆڤەی بەرتەسك (مضیق) لێك جیا بکرێتەوە، بەو مانایە کە لە راڤەیەکی بەرفراواندا مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لە دەرەوەی دەوڵەت ـ نەتەوەکان دەور دەبینێ‌و هەموو گەلێك مافی جودابوونەوەو پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆی پێ بەخشراوە، لەم لاشەوە بە دیدێکی بەرتەسك، گەیشتن بەو مافە لە چوارچێوەی دەوڵەت ـ نەتەوەیەکدا گەڕ دەخوات‌و هیچ گەل‌و کەمایەتییەك بۆی نیە کە تەواوییەتی سەرزەوینیی وڵاتێك بخاتە مەترسییەوەو کێشەی خۆی بە دابڕان چارەسەر بکات. لەو حاڵەتەشدا دەسەڵاتی باڵادەست ئەشێ دان بە مافی کەمایەتییە بندەستەکاندا بنێت‌و رەوت‌و شێوازێکی دێموکراتییانە بگرێتە بەر، بەو رامانە لە لایەکەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە تێبینی‌و راڤەیەکی بەرفراوان کە بەرابەر لەگەڵ جودایی بێت بە توندی دژایەتی لەگەڵدا دەکات‌و لە لایەکی تریشەوە لە بەر چاوگرتنی مافەکانی تاك‌و کەمایەتییەکان وەك ئەرکی سەرشانی دەسەڵات بەدی دەکرێن. پڕ ئاشکرایە ناکۆکی نێوان ئەو دوو روانگەیە لە شێوەی ئەزمەیەك دەچێت کە




جێبەجێ کردنی ئەو مافە دەخاتە ژێر پرسیار. لە راستیدا تەوەری قایل بوونی مافی شارۆمەندی‌و تاکەکەسی بۆ گەلی کورد لێژاوێکە کە نەتوانراوە بە هۆیەوە کورد بە شێوەیەکی گونجاوو راستەقینە کێشەی نەتەوەیی خۆی پێناسەو پرۆڤە بکات‌و هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەری هەڵ بگرێت. هەر بۆیە مافی کۆیی‌و نەتەوەیی کورد لە بازنەی دیاریکردنی چارەنووس خواست‌و ویستێکی راستەقینەو واقیعییە، کە مخابن کورد پرسەکەی لەو روانگەوە فورمولە نەکردوەو خوازیاریشی نەبووە.! ئۆجەلان سەبارەت بە کاریگەریی سلبی ئەو دۆزە لە سەر پرسی کورد بەو جۆرە رای خۆی دەردەبڕێ: "یەکێك لە بەشەکانی بڕیاری مافی مرۆڤی ئوروپا مافی دیاریکردنی چارەنووس بە چەشنێکی سەرپەرەستییانە و بەرز کردنەوەو نرخاندنی ئازادانەی ژیانی فەرهەنگییە". (ئۆجالان،١٦: ٢٠٠٦). ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا بەو شێوەیە بیری خۆی دێنێتە ئاراوە: "لە پێوانەیەکی بەرفراواندا کوردەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی حقوقی رادەگیرین. هەر چەند لە باری تاکەکەسی ـ ئەو مافەیان پێ رەوا دەبینرێ بەڵام لە باری کۆیی ـ خەلقی ـ و فەرهەنگی و مافەکانیان بێبەش کراون". (هەمان، ١٦). ئەوە لە حاڵێك دایە کە بە گوێرەی ئەو مافە کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تر بۆی هەیە کە خۆی بۆ خۆی بڕیار بدات‌و چارەنووسی داهاتووی خۆی دیارو دابین بکات، گەلێك روونە ئەوەیکە شوێندانەری ئەو مافە لە سەر گەلی کورد چۆنەو کورد بە چ شێوەیەك دەتوانێ لەو بەستێنە لە مەتەرێزی بەرژەوەندیی خۆیی کەڵکی لێ وەرگرێ؟ و روانگەو هەڵوێستی وڵاتانی پێوەندیدار لە قاپۆڕی مافی نێونەتەوەیی چ بووەو چ دەبێت؟ و گەلێك پرسیاری تر، خۆی لە خۆیدا پرسی کوردی لەوەی کە هەیە پتر لە ناو پەرژینێکەوە گەمارۆ داوە کە هێشتا مایەی سەرنج و سەرسووڕمانە. قاسملو سەبارەت بەو دیاردەیە دەڵێ:"سروشتێکی تایبەت کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە تەنیا بۆ کورد جیابوونەوە نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێك یەکگرتنەوەیە". (قاسملو، هەمان، ٣٠٦) کەوایە مافی دیاریکردنی چارەنووس بریتییە لە دوو برگەی مافی "یەکگرتنەوە"و مافی "پێکهێنانی" کیانێکی سەربەخۆ، واتا دەوڵەتێکی دووژۆڕ. شاردراوە نیە کە بیری نەتەوەیی‌و خەیاڵو ئارەزووی سەربەخۆیی وەك تەوەرێك هەمیشە لە ئارادا بووە، بەڵام خاڵێکی لاواز کە دەبێ دانی پێدا بنرێ ئەوەیە کە کورد لە پانتایی زانستی‌و تیۆریك لە چوارچێوەیەکی مەفهوومی پرسی خۆی تیۆریزە نەکردوەو وەك موتەغەیێریکی سەربەخۆ شوناس‌و کەسایەتیی هەمەلایەنەی خۆی پێناسە نەکردوە.

ناتەبایی نێوان دوو روانگە

لەراستیدا دەشێ بڵێین کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی: واتا بەشی دەرەکی ـ مافی خەڵك لە دیاریکردنی بارودۆخی نێونەتەوەیی خۆیان ـ و بەشی ناوەکی ـ مافی خەڵك لە هەڵبژاردنی سیستمی حکومەت، پرۆسەی بڕیاردان‌و پاراستنی مافی کەمایەتی‌و...(امیدی، 3:١٣٨٤) روونە تەبایی نێوان ئەم دوو کەرتە گەلێك بنەڕەتی‌و گرنگە. گرێدراو بەوەش وەگەڕخستنی ئەو مافە لە ناوخۆی دەوڵەتێکدا بە واتای بەشداریی کەمایەتییەکان‌و خەڵکە لە پێکهاتەی سیاسی‌و رەچاوکردن‌و رێزدانان بۆ تەواوییەتی سەرزەمینیی ئەو دەوڵەتانەیە. (کرافورد بە گوێرەی ماڵپەڕی: www.tamination.org).

بەڵام پرسیارێك کە لێرەدا زەق دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەگەر لە ناو وڵاتێکدا دێموکراسی سەقامگیر نەبێت و دەسەڵاتی زاڵ دان بە مافی کەمایەتییەکاندا نەهێنێت‌و بە هەموو جۆرێك زەخت‌و گوشاریان بخاتە سەر، ئەو کاتە چۆن دەبێت؟ ئایا نەتەوەو کەمایەتیی بندەست‌و زوڵم لێکراوەکان مافی جیابوونەوەو بڕیاردانیان هەیە یا خود نا؟ و ...

هەر چۆنێك بێت ئەوە ئاشکرایە کە دوو قاتی جیاوازو تەنانەت ناکۆك سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئارا دان. دەتوانین بە راشکاوی بێژین کە هەنووکەش ئەو چەمکە بە "تەوەرێکی زۆر بەرزو بە نرخ‌و لە هەمان کاتیشدا وەك نادیارترین بیرۆکەکانی مافی نێونەتەوەییەکان" (امیدی ١٣٨٤،٢) دێتە ئەژمار. بە دەربڕینێکی تر ئەگەرچی مافی بڕیاردان‌و چارەنووس لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار کراوەو دانی پێدا هێنراوە، بەڵام لە هەمان حاڵیشدا دەوڵەتەکان‌و کۆمەڵی نەتەوەکان لە هەر دۆخێکدا ـ بە گوێرەی پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمانی‌و سەروەریی سیاسیی دەوڵەتەکان ـ داکۆکی لە دەوڵەت ـ نەتەوەکان دەکەن‌و ئەوە وەك فەلسەفەی هەبوونی ئەو رێکخراوەیە لە قەڵەم دەدەن. لە سەر ئەو راستییە نادر ئینتسار بەو جۆرە دەنووسێ: "بە پێچەوانەی دالدەی دەوڵەتەکان لە پرنسیپی خودموختاری، زۆربەیان لە هەمبەر داخوازی جودایی خوازانە بەرگری دەکەن‌و لە زۆربەی کاتدا پارێزەری بارودۆخی هەنووکەیی‌و بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانن" . (انتصار ١٣٨٠: ١٧) .

بە گشتی تەوەری دیاریکردنی چارەنووس خۆی لە خۆیدا هەڵگری ناتەبایی‌و ناهاوسەنگییە کە سڵبوونەوەی گەلی کورد لە مەڕ خودموختاری ئەویش لە سەر بەردی بناغەی تێبینی‌و ئاخێوگەی چەپ کێشەکەی لەوەی کە هەیە زیاتر ناو پەرژینێکەوە تەنراوە کە باڵی بە سەر زۆربەی هەرە زۆری پارتە کوردییەکانی سەرانسەری کوردستاندا کێشاوەو هەر کامیان لەو گۆڕەپانەدا سەرقاڵی تاودانی ئەسپی خۆیەتی.

# وتەزای دیالێکتیك لە یونانی کەوناردا

سامان کۆنەپۆشی

وتەزای دیالێکتیك لای ئێمە زیاتر بەو زاراوەیە دادەنرێت کە فەیلەسووفی ئاڵمانی، هێگل بۆ تیۆرەکەی خۆی سەبارەت بە رەوتی رەخسکانی جیهان بەکاری هێنا. ئەم فەیلەسووفە لەم باوەڕەدا بوو کە رەوتی رەخسکانی جیهان رەوتێکی دیالێکتیکییە. هەموو تێزێك هەمیشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دژێك (ئەنتی‌تێز) بۆ خۆی. لە تێهەڵکێشی تێزو ئەنتی‌تێز، سێنتێزێك دروست دەبێت کە قۆناخی گەشەسەندووتری تێزو ئەنتی‌تێزە. ئەم تیۆرە دواتر لە لایەن فەیلەسووفی داهێنەر، کارل مارکس‌و فرێدریك ئەنگلسی هاوکارو هاوبیریەوە گەشەی پێ دراو لە قوتابخانەی مارکسیسمدا کەڵکی لێ وەرگیرا. وەکی مارکس خۆی دەڵێت، ئەو فەلسەفەی هێگلی، کە لە سەر سەر راوەستابوو، هێنایە سەر لاقان. واتە بەکارهێنانی ئەم تیۆرەی لە بواری ئایدیالیسمەوە گواستەوە بۆ بواری ماتریالیسم. بەڵام وێدەچێت بەکارهێنانی وتەزای دیالێکتیك مێژوویەکی ئێجگار کەونتر لەم قۆناخەی مێژووی مرۆڤایەتی ببێت.

دیالێکتیك (dialectic) زاراوەیەکی یونانییە کە لە وشەی دیالۆگۆس (dialogos)، کە بە مانای باس‌و دانوستان دێت، وەرگیراوە. سوکرات یەکەمین کەسێك بوو کە ئەم زاراوەیەی بە مەبەستی گوزارشتکردن لە شێوەی تایبەتی خۆی بۆ باس‌و وتووێژ بەکار هێنا. ئامانجی سوکرات لەم شێوەیەی وتووێژو دانوستان سڕینەوەی هەڵەو گەیشتن بە هەقیقەت بوو. ئەو سەرەتا بەردەنگەکەی دەدواند هەتا لە شێوازی بیرکردنەوەی وی تێبگات، پاشان پرسیارگەلێکی ساکاری رووبەڕوو دەکردەوەو ناچاری دەکرد دان بە هێندێك شتی سەرەتاییدا بنێت. ئەو لە درێژەی وتووێژەکەدا کارێکی دەکرد بەردەنگەکەی لە بەردەم دووڕێیانێکدا راوەستێت، یان نکۆڵی لەو شتانە بکات کە لە پێشەکیی باسەکەدا دانی پێدا نابوون، یان ئەوەی کە دان بە دروستی‌و هەقانیەتی وتەکانی سوکراتدا بنێت. هەرچەند ئەم شێوەیەی وتووێژ شێوازێکی سەلماندنگەرانەیەو لەمڕۆدا بە دەگمەن کەسانێك دەبینین کە پەیڕەوی لێ بکەن، بەڵام ئەم میتۆدە تایبەتەی وتووێژو دانوستان هەنووکەش بە ناوی وتووێژی سوکراتی یان دیالێکتیکی ناسراوە.

قوتابییەکەی سوکرات، پلاتۆش جۆری تایبەتی بیرکردنەوەی خۆی لە سەر بوون، بە دیالێکتیك ناودێر دەکرد. ئەو لە فەلسەفەکەی خۆیدا باس لە جیهانێکی ئایدیال‌و نموونەیی دەکات، کە نموونە رەسەنەکانی ئەو مادانەی لە سروشت دان‌و هەقیقەتە رەهاکانی گەردوون، لەوێ دان. پلاتۆ جیهانە ئایدیالە داهێنراوەکەی خۆی بە رەسەنایەتیی بوون‌و هەقیقەتە رەهاکانی گەردوون دەزانێت‌و، هەرچی جیهانی مادییشە بە کۆپیکراو، سێبەرو ناڕەسەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هیراکلیتوس، وەکوو یەکەمین کەسێك کە ئەم زاراوەیەی بەکار هێنا، بکەین. ئەو باوەڕی بە رەخسکانی دیالێکتیکی سروشت هەبوو. هیراکلیتوس لە تیۆری ناتەباییەکانی خۆیدا پێی وایە جیهان بەردەوام گۆڕانی بە سەردا دێت. ئەو، لەگۆڕاندابوون‌و گۆڕانکاریی بەردەوامی بە سرشت‌و خەسڵەتی سروشت لە قەڵەم دەداو دەیگوت، هیچ شتێك لە سروشتدا وەك خۆی نامێنێتەوە، هیچ کات ناتوانین دووجار لە چۆمێکدا مەلە بکەین. چونکە کاتێك بۆ جاری دووەم دەچینە نێو چۆمەکە، نە ئێمە مرۆڤەکەی پێشووین‌و نە ئاوی چۆمەکەش ئاوی جاری یەکەمە. لە رێبازی هیراکلیتوسدا شەڕو هاودژێتی‌و کێشمەکێشی نێوان دژبەرەکان‌و لێکدژەکان بە بنەمای بوون دەزانرێت. ئەو پێی وا بوو ئەمە خواکان‌و مرۆڤەکان نین کە جیهانیان دروست کردوە، بەڵکو جیهان هەمیشە هەر بووەو دەشبێت. ئەمە هاودژی‌و خەباتی نێوان دژبەرەکانە کە جوڵەو بزۆزی‌و گۆڕان بە جیهان دەبەخشێت. جێی ئاماژە پێ کردنە کە مارکس‌و ئێنگلس بە رێزەوە باسیان لە هیراکلیتوس دەکرد.

## رووداوی فەرهەنگی

### شاکارێکی سەلمان روشدی دەچێتە سەر شاشەی سینەما

بە پێی هەواڵی رادیۆ فەردا، رۆمانی منداڵانی نیوەشەو، بەرهەمی نووسەری بەتوانای بریتانی بە رەچەڵەك هێندی، بە دەرهێنەری دیپا مەهتا، بە پێی فیلمنامەیەك كە بە هاوفكری هەردووكیان نووسراوە، دەچێتە سەر شاشەی سینەما. رۆشدی‌و مەهتا لە ناوەڕاستی مانگی مارسی ساڵی داهاتوودا دەست دەكەن بە نووسینی فیلمنامەی "منداڵانی نیوەشەو"و خودی سەلمان رۆشدییش یەكێك لە ئامادەكارانی ئەم فیلمە دەبێت. دیارە وێنەگرتنی ئەم فیلمە لە ساڵی ٢٠١٠دا دەست پێ دەكات، چونكە مەهتا لە ساڵی داهاتوودا پرۆژەیەكی دیكەی بەدەستەوەیە كە دەبێ جێبەجێی بكات. زۆرێك لە رەخنەگران رۆمانی منداڵانی نیوەشەو بە یەكێك لە گەورەترین شاكارەكانی سەلمان رۆشدی‌و یەكێك لە بەرهەمە بە نرخە ئەدەبییەكانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەنرخێنن. شایانی باسە كە ئەم رۆمانە دووجار خەڵاتی باشترینەكانی خەڵاتی ئەدەبی بوكێری بردۆتەوە. ئەم كتێبە لە ژمارێكی بەرچاو لە زانكۆكانی بریتانیاو ئەمریكادا وەكوو یەكێك لە كتێبە دەرسییەكانی خوێندكارانی ئەدەبیات دەوترێتەوە. چیرۆكی منداڵانی نیوەشەو كە زۆرتر دەكەوێتە ریزی شاكاری ستایلی "ریالیسمی جادوویی"، واتە سەدساڵ تەنیایی گابریێل گارسیامار كیزەوە، بە هاتنەدنیای "سەلیم سینایی"، راست لە نیوەشەوی ١٥ ئوتی ساڵی ١٩٤٧ دەست پێ دەكات، واتە لەو ساتەدا كە هێندوستان سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنا. رەخنەگران ئەم چیرۆكە بە پێچواندنێك دەزانن بۆ لەدایكبوونی هێندی ئەمڕۆ. ئەم رۆمانە ٦٥٠ لاپەڕەییە تێكەڵێكە لە رووداوە مێژوویی‌و فانتازییەكان‌و كۆمەڵێك لە رەخنەگرانی ئەدەبی‌و سینەمایی پێیان وایە كە زۆریش سانا نیە ئەم رۆمانە بكرێتە فیلم.

### چوار هەزار كتێب لە چاوەڕوانی مۆڵەتی دەرچووندا

كۆمیتەی خەبات بەدژی سانسۆڕی ناوەندی نووسەرانی ئێران لە یەكەمین راگەیەنراوی فەرمیی خۆیدا، سێزدەی سەرماوەزی بە "رۆژی خەبات بەدژی سانسۆڕ" ناودێر كردوەو داوای لە نووسەران، هونەرمەندان، یەكیەتییە نادەوڵەتییەكان‌و ئەنجومەنەكانی قەڵەم لە سەرانسەری دنیادا كردوە پشتیوانی بكەن.

كۆمیتەی خەبات بەدژی سانسۆڕ هاوكات لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی پرەنسیپی "ئازادی هزرو دەربڕین مافی سروشتی مرۆڤەكانە"، ئاماژەی بە ئاماری رێكخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور كردوە كە "تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٦دا نەوەدو پێنج رۆژنامەنووس كوژراون‌و سەدو سی‌و پێنجی دیكەش بەدیل گیراون.

لە راگەیەنراوی كۆمیتەكەدا هاتوە:"كۆمەڵگەی ئێران‌و بە تایبەتی نووسەران‌و هونەرمەندانی ئەم وڵاتە ساڵانێكە لەگەڵ دیاردەی سانسۆڕدا دەستەویەخەن، بەڵام لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەك پەرەی ئەستاندوە كە ناتوانین جگە لە كوشتاری كەلتووری ناوێكی دیكەی لەسەر دابنێین."

رەزا خەندان، یەكێك لە ئەندامانی كۆمیتەی خەبات بەدژی سانسۆڕی ناوەندی نووسەرانی ئێران لە وتووێژێك لەگەڵ رادیۆ فەردادا وتوویەتی:"بە گوێرەی ئامارە نافەرمییەكان، زۆرێك لە كتێبەكانی نووسەران، لە دەوروبەری چوار هەزار كتێب‌و رەنگە زیاتریشدا، بێ هیچ هۆیەك لە ئێرشاددا راگیراون‌و چاوەڕوانی مۆڵەتی دەرچوون دەكەن بۆ بڵاوبوونەوە. تەنانەت ئەو كتێبانەش كە مۆڵەتی دەرچوونیان پێ دەدرێت هێندێكجار لە سەر پەڕەیەك دەنووسن كە فلانە بەش دەبێ بڵاو نەبێتەوە یان فلان رستە یاخود فلان وشە دەبێ بگۆڕدرێت.

# بیركردنەوە، ئومێدو ئەوانیتر

**هوشەنگ رەحیمی**

ئێمە هەوڵ ئەدەین جێگایەك كە وەك خەون دەیبینین لە رێگایەكی ترەوە تاقی بكەینەوە، رێگایەك كە بەرەو ناسینی دنیایەكی دیكەمان دەبات كە نەمان بینیوە، بەرەو ناسینی شێوەی بیركردنەوەو ژیانی خەڵكانێك كە لە هەلومەرجێكی سەختتر لە ئێمەو لە فەزای كوشتارێكی گەورەتر لە ئێمەدا ژیان‌و بیریان كردەوەو خەونیان بینی‌و بەشێكی زۆریش لە خەونەكانیان وەدی هاتن. بیر لەوە بكەینەوەو هەوڵ بدەین زۆرترین دەرگای فكری‌و زۆرترین روانگەی جیاواز بە ڕووی رۆشنبیری كورددا بكەینەوە، خەون بەوەوە ببینین، ئەو كەرەسە فكری‌و دەوڵەمەندو فرەلایەنە بخەینە بەر دەست كە یارمەتی دەدەن بۆ ئەوەی زۆرتر رابێین‌و كەمتر پەلە بكەین، قووڵتر بڕوانین‌و كەمتر بەباك بین، زیاتر بیر بكەینەوەو كەمتر نائومێد بین، چونكە جگە لە بیركردنەوە رێگایەكمان بۆ ئومێد نیە... ئایا لە جیهانێكدا كە تێدا هێشتا مرۆڤەكان بە ئاسانی یەكتر دەكوژن، بە ئاسانی یەكتر ئاوارە دەكەن، بە ئاسانی یەكتر بە برسیەتی دێڵنەوە، لە بیركردنەوە زیاتر هیچ شتێك هەیە كە رێگامان بۆ ئومێد نزیك بكاتەوە؟ ئومێد بەوەی كە هێشتا ماوین‌و بیر دەكەینەوە، ناڕازین‌و هێشتا ماوین‌و خەون بە جیهانێكی جوانترەوە دەبینین، نائومێدی مێژووییەو بیركردنەوەی ئێمە، بە چالاكیی پڕحەماسەتی ئێمە، دەڕواو دەڕوێتەوە. لەم حاڵەتەشدا پێویستمان بە چالاكی‌و زیندوویی‌و خەونبینینەكانی خۆمان هەیەو پێویستمان بە ئامادە بوونی بەردەوامی خۆمان هەیە لە هەموو چركە بچووك‌و گەورەكانی ژیاندا كە بەبێ بوونی ئێمە بەرەو هەموو شوێنێك دەڕون جگە لە خۆشبەختی... دواجار پێویستیمان بە زۆرتر كردنی ئاسۆكانی روانینی خۆمان هەیە. خوانی فكر ئەو خوانەیە كە پێمان ئەڵێت گەر دەمانەوێت بژین‌و حەزی ژیان‌و پێكەنین لە دەست نەدەین، دەبێ جیهانی فكرو ئەندیشەی ئەو كەسانە بناسین كە لە شوێنێكی ترو لە هەلومەرجێكی تردا توانییان بیربكەنەوەو بنووسن‌و بگۆڕن. فكر بە بێ ناسین‌و تێفكرین سەبارەت بە فكرو بیركردنەوەكانی ئەوانیتر ناتوانێت رووەو بینینی بەرزاییەكانی دنیایەكی نوێترو جوانتر رێنوێنیمان بكات‌و، ئومێدی ژیانمان پێ ببەخشێت.

# خودایە لەوەتەی هەیت



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

خودایە لەوەتەی هەیت
پرچی کیژۆڵەی ئەنفال و
پرچی من و
پرچی دایکی جگەر سووتاو
وەکوو بەفر سپی دەکەیت.
لەوەتەی هەیت
ماچی من و وەرزی تەمەن
بۆنی برسیەتییان لێ دێ و
وەکوو گوڵە کێویلەکان
ژاکاو دەکەیت
خودایە....
مەخلووقی تۆ چەند سەیرە
هەیە پرچی وەکوو درەخت شانە دەکا
هەیە دەنگی وەکوو بولبول، گوڵزاری چرۆ
ئاو دەدا

هەشە دەنگی وەکوو نێچرێکی
بریندار
مەمکی کاڵی کیژۆڵەکان رادەژێنێ
خودایە تۆ لەوەتەی هەیت
ماچی دەممان تفت و تاڵە
هەتاو جوانی خۆی نابینێ
گوڵی بەهەشتیش تۆراوە
نیگاکانمان وەکوو سارا
مەرگ دەبینین؟
خودایە تۆ لەوەتەی هەیت
شەوەزەنگت پێ سپاردووین
کازیوەوە ختوکەمان دەدا
جۆگەلەی خوێن دێت و دەچێت
پاییز بۆتە پەناگامان
شەپۆلەکان دێن و دەچن
خەندەی ناسک زەنگی ماتە
خودایە تۆ لەوەتەی هەیت
هەنگاوی دوور دوور دەهاوین
ولآت گێژەلوکەی خەم دەیبا
گیانمان بۆتە شەاڵی خوێن
کەزیەکانمان وەکوو رەشماڵ

رەش رەش بووە؟
خودایە تۆ لەوەتەی هەیت
من ناوێرێم و پێت بڵێم
لەم ولآتە ترس هەیە،
ترسی قسە، ترسی کوشتن
ترسی ژن و ئەتک کردن
دڵی عاشق لەباتی گوڵ
شەونمی ئازار دەنوشێ
ئای خودایە سنگ و سیحاو
پرچی ئێمەت نەبینیووە
شەوگاری رەش دەچنێتەوە
ئای خودایا چەندە گەورەی
داوا دەکەین ئەوەی
پرچی کچێک داناهێنێ
ئەوەی ئەوین دەتۆرێنێ
زەوی‌و کێڵگەمان تێک دەدا
برین دەخاتە جەستەمان
چۆلەکە لە فرین دەخا
پەنجەرەی ژوور کلۆم دەکا
دەبێتە درکێکی ئازار
ماڵ و حاڵی لێ تێک بدەی
دەی خودایە چاوەڕێی تۆم؟

## بەرهەمی نوێ




كتێبی مێژووی دیپلۆماسی‌و پێوەندییە نێونەتەوەییەكان هاتە بازاڕی فرۆشی كتێبی كوردییەوە.

ئەم كتێبە لە نووسینی دوكتور ئەحمەد نەقیب زادەیەو بە هەوڵی مستەفا مەعروفی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی، كە دەزگای توێژینەوەو بڵاو كردنەوەی موكریانی ئەركی چاپ‌و بڵاوكردنەوەی بەجێ گەیاندوە. هۆگرانی زانستە مرۆییەكان دەتوانن ئەم كتێبە لە كتێب فرۆشییەكانی باشووری كوردستان دەست بخەن‌و كەڵكی لێ وەربگرن.

"كوردستان" وێڕای ئەوەی كە دەستخۆشی‌و ماندوونەبوونی بە وەرگێڕی بەڕێزی ئەم كتێبە دەڵێت، ئاواتەخوازی بەردەوامی‌و خزمەتی زیاترە بۆ بەڕێز مەعروفی.

## کۆچ

رنوی پەژارەی ئەم کۆچە
بە کوڵ مندا مەدە ئازیز
من هەر عەشق وهەگبەی برینم
پێ هەڵ دەگیرێ و
ناشڵێم بە قەد بەڵێنییە کانی تۆ
کزم
من رەسوڵم
پەیام هێنەری ئەو عەشقەی
کە پێکەنین
لە شاییدا دەستی نەگرت و
لە ئێوارەی
جومعەی مانگێکی رەزبەر دا
تیرۆر کرا
ئا... ئا...
ئەو ئێوارەیە بوو کە تۆ
ژانی شارت بۆ چیرۆکە
درێژەکەم دەگێڕایەوە و
بە سەرهاتی
ئەو ماڵەی
باری کرد وهیچ کەس
دڵخۆشی نەداوە دەسرەی
سەرچۆپی ئەو زەماوەندە تاریکە
مەسپێرە بە عەشقی شەهید
شەهید
ئەمانەتی پێ هەڵ ناگیرێ.
کورتە چیرۆکی ئەم بەهارە
بخە جانتای شەماڵەوە
ئاخر... پاییزە و
دەست لێکبەردان و ...
هەرمن دەزانم
چ تەفسیرێکی تاڵە هەڵوەرین و
هەر چلووک دەزانێ
چ ژانێکی دڵتەزێنە
کۆچی گەڵا پاییزە پاییز...
دوایین جومعەی ساڵی عەشق و
تۆ....
کۆچ دەکەن و ماڵا ئاوایی دەکەم و
لە هەموو جومعە عەشقە کانی
ساڵ.
حەز دەکەم
لە حەوتووەکانی مانگمدا
لە ساڵەکانی ژینمداو هەرگیز
نێوی جومعەو
کۆچ وعەشق وپاییزو تۆ
نەبیستمەوە
ماڵ ئاوا ئەی نێوەرۆکی
شێعرەکانی ٧٧ ی من
ماڵ ئاوا!
١٣٨٢/٧/١٧ قەڵآی هۆڵاکۆ

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 498 20 Nov c 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان له تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# سنه تەرمێکی مۆمیایی ٣٥٠٠ ساڵه دۆزرایەوه



رۆژی چوار شەممەی (٢٢ی خەزەڵوەر) له کێوی ئاویەری شاری سنه رووبەڕووی شەهرەکی زاگرۆس له کاتی دروست کردنی جادەیەك دا جەستەی مۆمیایی کراوی پاشایەکی مێژوویی که مێژووەکەی دەگەڕێتەوه بۆ نزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ لەمەوپێش دۆزرایەوه.

ئەم جەستە مۆمیاییه له تابووتێکی تایبەت دایه که لەوەدا سندوقێکی زێڕ، ئامێری شەڕو دوو پارچەی گەوره له شێوەی ماسیو هەڵۆ که به خەتی هەڵکۆلراونو له سەر سنگو نێوقەدی مۆمیاییه دانراون بەدی دەکرێ. شایانی باسه له دیوی ژوورەوەی تابووتەکەدا وێنەیەکی هەڵکۆڵراو که له لای سەری تەرمەکه هەڵکەوتووه، بەرچاو دەکەوێ.

دەگوترێ رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەر به فرۆکەیەکی تایبەت جەستە مۆمیایی کراوەکەو ئەو شتومەکه به نرخانەی لەگەڵی دا بوون گوازرایەوه بۆ شوێنێکی نادیار.

به وتەی ئەو کەسانەی بۆ رەوانه کردنی کەس و کاریان بۆ بەجێهێنانی حەج روویان کردبووه فرۆکەخانەی شاری سنه، له کاتی گواستنەوەی جەسته مومیاییەکه دا فرۆکەخانەی شاری سنه له لایەن هێزەکانی پاراستنی شار گیراوەو دەیان ئۆتۆمۆبیلی سەربازی و نیزامی له دەوروبەری فرۆکەخانه وەستابوون.

# کۆماری ئیسلامی له هەوڵی گۆڕینی روخساری مێژوویی شوێنەواری بێستون دایه





هێندێك کارناسی بواری کەونارناسی، نیگەرانیی خۆیان سەبارەت به هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینەژادو رێکخراوی ئەوقاف بۆ نۆژنکردنەوەو چێ کردنی بینای نوێی ئیمامزاده باقری بێستونو کاریگەرییه نەرێنییەکان له سەر شوێنەواری نەتەوەیی - مێژوویی بێستون دەربڕی.

کارناسانی کەونارناسی، به سەرنجدان به روانگەی دەوڵەت ئەو نیگەرانیەیان لەلا دروست بووه که دەوڵەت بیەوێ روخساری مێژووییو کەونی بێستون بگۆڕێو دەڵێن: ئێمه دەبێ له بیرمان بێ ئەو شوێنەواره مێژوویيه له ئاستی جیهانیدا تۆمار کراوەو دەبێ قەدری بگرین نەك به تێچوویەکی زۆر هەوڵی گۆڕینی روخسارەکەی بدەین.

لەم پێوەندییەدا سایتی "قصر نیوز" رایگەیاند که وا بڕیاره هێندێك لایەنگری میراته فەرهەنگییەکان، بەکۆکردنەوەی ئیمزا داوا له رێکخراوه پێوەندیداره جیهانییەکان بکەن که نەهێڵن ئەو پرۆژەیه جێبەجێ بکرێ.

# "ئینترنێت ئامرازی دوژمنان"ه

## پێنج ملیون سایتی ئینتێرنتێتی له ئێران فیلتێر کراون




راوێژکاری دادوەریی دادستانی گشتیی کۆماری ئیسلامی رایگەیاند له ئێران زیاتر له پێنج میلیۆن وێب سایتی ئینتێرنێتی به هۆی "بابەتی ناڕەوشتیانه و دژه کۆمەڵایەتی" بلۆك کراون.

عەبدولسەمەند خورەم ئابادی رۆژی دوشەممه ٢٧یخەزەڵوەر له کۆڕی "خەسارناسیی بنەماڵه"دا له گورکان گوتی که " خەساره کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێت زۆر له رایەڵکه ساتلایتەکان زیاتر"ه.

فیلتێرینگی وێب سایت و وێبلاگەکان له ئێران له ساڵی ١٣٨٠وه و به پێی پەسەندکراوی ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی بەرێوه دەچێ.

ناوبراو ئینتێرنێتی به "ئامرازی دوژمنان" له قەڵەم داو گوتی: "ئێستا که دوژمنان به کەڵکی خراپ وەرگرتن لەم رایەڵکەیه هەوڵ دەدەن رەوشت و شوناسی ئایینیی ئێمه بدەنه بەر پەلامار، چونکه ئەم رایەڵکانه له سنوورەکان تێپەڕ بوون و له ماڵەکانی ئێمەدان."

ناوبراو هەروەها گوتی که رایلکەی ئینتێرنێت به چەشنێکی جێگای نیگەرانی "زیان"ی له بەشه سیاسی و ئابوورییەکان داوه.

رۆژێك دوای قسەکانی راوێژکاری دادوەریی دادستانی گشتیی ئێران ئەسغەر جهانگیری، سەرۆکی پاراستن - زانیاری (حفاظت اطلاعات)ی دەزگای دادوەرییش، سەبارەت بەو شتەی که ئەو به "سەرپێچیی ئینێترنێتی و نائارامیی سەرچاوەگرتوو لەو"ی له قەڵەم دا ودیایی دا. ناوبراو له رێورەسمی ماڵاوایی و ناساندنی یەکێك له کاربەدەستانی پاراستن - زانیاری دا له قوم گوتی: "سەرپێچییه ئینتێرنێتییەکان کاری دەزگای دادوەرییان دژوارتر کردوه.

به پێی پەسەندکراوی ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی، نوێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعات، وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، رێکخراوی دەنگ و رەنگ، رێکخراوی تەبلیغاتی ئیسلامی و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی ئەندامی "کۆمیتەی دیاریکردنی دروستی"ی فیلتێرینگن.

بەرپرسایەتیی دیاری هەڵسنگاندنی فیلتەرینگ به وەزارەتی ئیتلاعاته و جێبەجێ کردنی ئەو له ئەستۆی "کومپانیی تیکنۆلۆژیی و زانیاری"یه که سەر به وەزارەتی پێوەندییەکان و تێکنۆلۆژییه.



بەر لەماڵاوایی

# ٢٥ی نوامبر، رۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی به دژی ژنان

قادر وریا

له ساڵی ١٩٨١ ەوه، رۆژی ٢٥ ی نوامبر وەك رۆژی خەبات له دژی توندو تیژی بەرامبەر به ژنان ناسراوه. هەڵبژاردنی رۆژی ٢٥ ی نوامبر بۆ ئەوەی به رۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی به دژی ژنان، ناودێر بکرێ دەگەڕێتەوه بۆ ئەو رووداوه دڵتەزێنەی له ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ له وڵاتی دۆمێنیکەن رووی دا. لەو رۆژەدا سێ ژن (پاتریا، مینرواو ماریا ترێزا) که به خوشکانی میرابال ناویان دەرکردوه، به هۆی دەستو پێوەندەکانی "ترۆئیلۆ" دیکتاتۆری دۆمێنیکەن، کوژران.

پاتریا، مینرواو ماریا ترێزا کچی "ئینریکه میرابال" و "ماریا مێرسدێس" بوون. یەکەمیان ساڵی ١٩٢٤، دووهەمیان ساڵی ١٩٢٧ و سێهەمیان ساڵی ١٩٣٥ له ناوچەی "سیباس" ی کۆماری دۆمێنیکەن لەدایك ببوون. هەرسێکیان خوێندەوارو ماریا ترێز، تەنانەت پله بەرزەکانی خوێندنی زانستگەشی بڕیبوو. ئەم سێ خوشکەو مێردەکانیان له خەباتگێڕانی شێلگیری دژ به ڕێژیمی "ترۆئیلۆ" بوونو، هەرسێکیان نموونەی بەرزی خەباتو خۆڕاگری به دژی حکوومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆره بوون. له رەوتی خەبات دا هەرکامێکیان چەندین جار کەوتبوونه بەندیخانه. له ژانویەی ١٩٦٠ پاتریا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی گرته دەست که دواتر بوو به هەوێنی بزووتنەوەی نهێنیی ١٤ ی ژوئەنی ١٩٦٠. دوو خوشکەکەی دیکەشی بوون به ئەندامی ئەو بزووتنەوەیه. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوه نهێنیيه له سەرانسەری وڵات دا کەوتنه بەر ڕاوەدوونان. سەرەتاکانی نوامبری ١٩٦٠ ، ترۆئیلۆی دیکتاتۆر رایگەیاند که لەگەڵ دوو گرفت بەرەو ڕوویه: یەکیان کلیساو ئەوی دیکه خوشکانی میرابال. له ٢٥ ی نوامبری ١٩٦٠ دا، خوشکانی میرابال، له کاتێك دا، بۆ دیتنی مێرده بەندکراوەکانیان دەیان بردن، بەدەست بەکرێگیراوانی "ترۆئیلۆ" و به فەرمانی ڕاستەوخۆی ناوبراو، کوژران. ئەم تاوانه بەجۆرێك بووه هۆی وەڕێخستنی تووڕەییو بێزاریی گشتیی خەڵك که بۆخۆی بووه یەکێك له هۆکارەکانی بەرەوپێشبردنی خەبات به دژی دیکتاتۆریی ترۆئیلۆ. ساڵێك دوای کوشتنی خوشکانی میرابال، حکوومەتی ملهوڕی ترۆئیلۆ کۆتایی پێهات.

ئەم خوشکانه که نازناوی Mariposas Involvidables (پەپوولە لەبیرنەکراوەکان) یان پێدراوه، بوون به سەمبۆلی خۆڕاگریو خەبات به دژی ستەم دەرحەق به ژنان. بیرەوەریی خوشکانی میرابال، هەوڵەکانیان لەپێناوی ئازادی داو رێزنانیان له مافەکانی مرۆڤ، ئەوانی بۆ هەمیشه کردوه به سەمبۆلی خۆڕاگریو سەرچاوەی ئیلهام بۆ هەموو خەباتگێڕانی لایەنگری ئەم بابەخانه. ئەوان نموونەی هەره دیاری خەبات لەگەڵ هەر چەشنه هەڵاواردنو دەمارگرژینو، ژیانو مردنیان ئیلهامدەری هەموو ئەو کەسانەیه که دوای مردنیان، لەگەڵ ژیانو خەباتی ئەوان ئاشنا دەبن. ئەم رۆژه لەسەر پێشنیاری نوێنەرانی کۆماری دۆمێنیکەن، و به دوای پەسەند کرانی لەلایەن رێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکانەوه، وەك رۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان قبووڵ کرا.

توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی سەر رێی گەیشتن به یەکسانی، پێشکەوتنو ئاشتی یەو، بناغەیەکه بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ئازادییه بنەڕەتییەکانی ژنان. یەکێك لەو میکانیزمه کۆمەڵایەتییه گرنگانەیه که ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایه و پێگەی نزمتر لەچاو پیاوان رابکێشن. به سەرنجدان بەم جۆره ڕاستیيانه بوو که کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان له ٢٣ ی فێوریەی ١٩٩٤ دا "بەیاننامەی پێشگیری له توندوتیژی دژی ژنان" ی پەسەند کرد.

"توندوتیژی دژی ژنان" هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەت دەگرێتەوه که ببێته هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیه ببێته هۆی ئەم جۆره ئازارو زیانانه. هەڕەشه یا کردەوەی هاوشێوه، زۆری کردن له ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان له ئازادی که لەبەرچاوی خەڵك یا له چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا روو دەدەن، له رێزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوه دەگرێتەوه، بەڵام هەر بەو نموونانه نابەسترێتەوه:

ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی که له بنەماڵەدا روو دەدەن، بۆ وێنه لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ له ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار به جیاز (جهیزیه)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوه، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان به ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی له پێوەندیی بەدەر له ژنو مێردایەتیداو توندوتیژی تایبەت به چەوساندنەوەی ژنان.

ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسیو دەروونی که له بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵدا روو دەدن، بۆ نموونه: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسیو ترساندن له شوێنی کار، له ناوەندە فێرکارییەکانو شوێنەکانی دیکەدا، کڕینو فرۆشتنی ژنانو لەشفرۆشیی به زۆری.

پ) توندوتیژی جەستەیی، جیسنیو دەروونی که بەهۆی دەوڵەتەوه ئەنجام دەدرێ یا لەلایەن دەوڵەتەوه پشتگوێ دەخرێ.

ئەو بەیاننامەیه له دەوڵەتانی دەوێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن و، نابێ هیچ داب و نەریت یا تێبینیی ئایینی بکەنه بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لەپێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی دا. لەم پێوەندییەدا بەیاننامەکه، کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی خستۆته سەر شانی دەوڵەتان تا له ئاستی خۆجێیی، نەتەوەییو ناوچەیی دا هەنگاوی بۆ هەڵ بگرن.

له ڕاستی دا ئەوەی لەبارەی ژنانەوه بەتایبەتی له پێوەندی لەگەڵ توندو تیژی بەرامبەر ژنان، هاتوون، هەموویان باش و گرنگ و لەجێی خۆیان دان. بەڵام داننانی دەوڵەتان بەو مافانەو ملدان بۆ ئەو لێپرسراوییانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی خستوویەته سەر شانیان، کاروتێکۆشانی زۆر و نەپساوەی دەوێ. جێگیر بوونی مافه ڕەواکانو بایەخە دنیا پەسەندەکان، کۆتایی هاتن به توندوتیژیو هاتنەدیی یەکسانیی ژنو پیاو له بنەماڵەو کۆمەڵ دا له گرەوی چەندو چۆنی ئەو خەباته دایه که ژنان بەتایبەتیو مرۆڤه یەکسانیخوازەکان به گشتی، بەڕێوەی دەبەن.

سەرچاوه:

چوند وتاری ماڵپەری"ایران امروز"

کتیبی"چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی له بارەی مافەکانی مرۆڤەوه"،

وەرگێرانی:قادر وریا